رێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی

منظمة اران لتنمية الثقافة المدنية

Aran organization for developing civil culture

# ڕاپۆرتی بنکۆڵکاریی

## دەستوەردان لەکاروباری کارگێڕی و فەرمانبەران

2023

# دەروازەی راپۆرت

ئەم راپۆرتە راپۆرتێکی بنکۆڵکارییە و لەماوەی (11) مانگدا واتا لە 1ی ئایاری 2022 تا 30ی نیسانی 2023 تیمێکی نۆ کەسی رێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی، لە سنوری پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە ئامادەیان کردوە، راپۆرتەکە لە پێشەکی و باکگراوەندی گشتی و نۆبەشی سەرەکی پێکهاتوە، تیمی ئامادەکار بۆ ماوەی (11) مانگ بە بەردەوامیی کاریان کردوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کوالیتی بەرز راپۆرتەکە ئامادە بکەن و زانیارییەکانی ناوی بە پوختی و بە کورتی هەروەها بە شیکراوەیی پێشکەش بکەن، ئامانجی سەرەکی لە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە گەیشتنە بە حوکمڕانی باش و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و سەروەریی یاسایە.

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| | لەبارەی ڕێکخراوی ئارانەوە | |
| | تیمی ئامادەکاری راپۆرت | |
| | پێشەکی | 1 |
| | میتۆدی ڕاپۆرت | 3 |
| بەشی یەکەم | دیدی یاسایی | 7-6 |
| بەشی دووەم | جۆرەکانی دەستورەدانی حیزبی لەکاروباری فەرمانبەران | 12-8 |
| بەشی سێیەم | سەرۆکی یەکە کارگێریەکان و ریکەوتنی نیوان یەکێتی نیشتمانی و بزوتنەوەی گۆران | 20-13 |
| بەشی چوارەم | زانکۆ حکومیەکان | 23-21 |
| بەشی پێنجەم | زیانە کارگێریەکانی دابەشکاری حیزبی پۆستە کارگێریەکان | 28-24 |
| بەشی شەشەم | رەنگدانەوەی دەستوەردانی حیزبی لەکاروباری فەرمانبەران | 34-29 |
| بەشی حەوتەم | پشت بەستن بە حیزب لە بری یاسا و رینماییەکان | 39-35 |
| بەشی هەشتەم | دەستوەردانی حیزبی لە دامەزراندنی فەرمانبەران | 45-40 |
| بەشی نۆیەم | هێڵە گشتیەکان | 47-46 |

## لەبارەی ڕێکخراوی ئارانەوە..............

**ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی، ڕێکخراوێکی ناحکومی قازانج نەویستە، ساڵی 2013 لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە و لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە، ساڵی 2017 لە فەرمانگەی ڕێکخراوەناحکومییەکانی حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا تۆمار کراوە، لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان چالاکییەکانی ئەنجام دەدات، ئەندامی چەندین تۆڕو کەمپینە لەوانە:-**

- فیدراسوێنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.
- تۆڕی زەوی ماڵمانە بۆ پاراستنی ژینگە
- گروپی کاری مەدەنی کە پەیماننامەیەکی هاوبەشی نێوان ڕێکخراوی ئاران و زانکۆی چەرموو و ڕێکخراوی ئیرۆیە.
- تۆری ڕێکخراوە ناحکومییەکانی پارێزگای کەرکوك.
- تۆڕی ڕێکخراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە.
- گروپی هەنگاوی مەدەنی
- گروپی گەڕانەوە بۆ ژیان
- دەستەی داکۆکی کار لەمافە مەدەنییەکان — کەرکوك.
- تۆڕی نیشتمانی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی عێراق.

- **ڕێکخراوی ئاران بەشداریی چەندین کۆنفراس و چالاکی نێو دەوڵەتی کردوە لە وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی و وڵاتانی باشوری ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا لەوانە:-**

## تیمی ئامادەکاری راپۆرت

.........................................

هەژار وهاب عوسمان بەرێوەبەری تیمی ئامادەکار

ئاسۆ محمد مستەفا بەرپرسی لۆجستی

نیزام نازم عبدل بەشی دارایی تیم

## تیمی ئامادەکار لە پارێزگای هەولێر

زامدار ئەحمەد سەرپەرشتیاری تیم

بەناز محمد ئەندامی تیم

دولبەر رەسوڵ ئەندامی تیم

## تیمی ئامادەکار لە پارێزگای سلێمانی - هەڵەبجە

بەختیار رحیم محمد سەرپەرشتیاری تیم

دەریا عومەر سابیر ئەندامی تیم

یوسف عاسی عەلی ئەندامی تیم

## دیزاینی ناوەڕۆك

شوان رحیم کریم

## دیزاینی بەرگ

د. ئەکرەم فەرەیدون.

## پێشەکی:-

ئەم راپۆرتە رێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی بە پشتیوانی سندوقی نیشمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئامادەی کردوە، راپۆرتەکە بەشێوەی بنکۆڵکاریی لە بارودۆخی کارگێڕی فەرمانگە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە، هەروەها رەوشی کارگێڕیو بارودۆخی کاری فەرمانبەران لە دۆخی دەستوەردانی حیزبی لە کاروباریاندا نیشان دەدات، راپۆرتەکە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو هەڵەبجەی وەك ناوچەی جوگرافی کارکردن وەر گرتوە، ئەندامانی تیمەکەی رێکخراوی ئاران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری مەبەست قسەیان لەگەڵ (1023) فەرمانبەری حکومی لە فەرمانگە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان کردوە، کە سەر بە (261) فەرمانگەی حکومین لە بەرێوەبەرایەتی گشتیو بەرێوەبەرایەتیو خوارتر.

### دابەشبوونی جوگرافی قسەکردنی تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە لەگەڵ فەرمانبەراندا:-

- **پارێزگای هەولێر**:- قسە لەگەڵ (326) فەرمانبەر بە پلەی جیاواز کراوە کە سەر بە (113) فەرمانگەی حکومین.
- **پارێزگای سلێمانی:-** قسە لەگەڵ (619) فەرمانبەر بە پلەی جیاواز کراوە کە سەر بە (107) فەرمانگەی حکومین.
- **پارێزگای هەڵەبجە:-** قسە لەگەڵ (81) فەرمانبەری حکومی کراوە کە سەر بە (41) فەرمانگەی حکومین.

### باکگراوەندێکی گشتی:-

لە هەرێمی کوردستاندا داتایەکی وردو یەکلاکەرەوە نیە، بەڵام دوو ژمارەی فەرمی لەبارەی ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانەوە بەردەستن بەم جۆرە:-

**ژمارەی یەکەم:-** بریتی یە لە داتای بایۆمیتری فەرمانبەران، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2018 ئەنجامیدا، بەپێی داتای بایۆمیتری، ژمارەی فەرمانبەرانی فیعلی شارستانی هەرێمی کوردستان واتا جگە لە کەسوکاری شەهیدانو ئەنفال، خانەنشینان، چاودێری کۆمەڵایەتی ، بریتی یە لە (710،202) فەرمانبەر.

**ژمارەی دوەم:-**بریتی یە لە داتای فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لای حکومەتی عێراق، کە ئەم داتایە هی ساڵی 2013 یەو هەتا ئێستاش حکومەتی عێراق هەر پشت بەو داتایە دەبەستێت، لەکاتێکدا بە پێی ئەو داتایەی وەك

ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە لای حکومەتی عێراقە، ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بریتی یە لە (667،849) فەرمانبەر.

بە بەراوردکردنی هەردوو ژمارەکە جیاوازی نێوانیان (42،353) فەرمانبەرە، کە بەپێی داتای بایۆمیتری بێت ئەو ژمارەیەی هەرێمی کوردستان پشتی پێ دەبەستێت(42،353) فەرمانبەری زیاترە لەو داتایەی حکومەتی عێراق پشتی پێ دەبەستێت.

ئەم ژمارەیە خانەنشینانوکەسوکاری شەهیدانو ئەنفالو تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە، کە ئەوانە تەنیا موچەخۆرنو فەرمانبەری فیعلی نین، ژمارەی سەرجەم موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بە فەرمانبەرانی فیعلیو ئەو سێ توێژەی سەرەوە بەپێی داتای بایۆمیتری بریتی یە لە (1،219،922) یەك ملیۆنو دووسەد و نۆزدە هەزار و نۆسەد و بیست و دوو موچەخۆرە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رایی کردنی کاروباری کارگێڕیی نوێنەرایەتی وەزارەتەکان لەرێگای فەرمانگە حکومییەکانەوە دەکات لە پارێزگاکاندا، لەسەر ئاستی پارێزگاکان بەدەر لە دیوانی پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگاکان بەرزترین ئاستی فەرمانگەی حکومی بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکانن، بەدوای ئەوانیشدا بەپێی پێداویستی شارەکانووەزارەتەکان بەشێوەی پلەبەندی فەرمانگەی حکومی لەسەر ئاستی بەرێوەبەرایەتیو خوارتر هەن.

**ژمارەی فەرمانگە حکومیەکان بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان:-**

**یەکەم: پارێزگای هەولێر:**-پارێزگای هەولێر لەسەر ئاستی پارێزگاو بەسەرجەم قەزاو ناحیەکانیەوە (813) فەرمانگەی حکومی تێدایە بە ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتیو بەرێوەبەرایەتیوبەشوهۆبەوهاوتاکانیان، (29) فەرمانگە بە ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتین، ئەم ژمارەیە وەزارەتەکانو فەرمانگەکانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران ئەو بەرێوەبەرایەتی یە گشتیانە ناگرێتەوە کە هەرێمینو سەرپەرتشی هەر چوار پارێزگاکە دەکەن.

پارێزگای هەولێر لە (10) قەزاو (33) ناحیە پێکدێت، تیمی ئامادەکاری راپۆرتەکە نەیتوانی ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی لە پارێزگای هەولێر بەدەست بخات.

**دووەم: پارێزگای سلێمانی:**-پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی پارێزگاکە بەسەرجەم قەزاو ناحیەکانیەوە، (1،138) فەرمانگەی حکومی تێدایە لە ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتیو بەرێوەبەرایەتیو بەش و هۆبە و هاوتاکانیان کە (27)

فەرمانگە بە پلەی بەڕێوەبەرایەتی گشتین، پارێزگای سلێمانی پێك دێت لە (16) قەزاو (44) ناحیە، ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی لە پارێزگای سلێمانی بە هەردوو جۆری هەمیشەییو گرێبەستەوە بە مجۆرەیە:-

- ژمارەی فەرمانبەرانی میلاکی هەمیشەیی: (202،436) فەرمانبەر کە (126،765) فەرمانبەر لە رەگەزی نێرو (75،671) فەرمانبەر لە رەگەزی مێن.
- ژمارەی فەرمانبەرانی گرێبەست: (4،191) فەرمانبەر کە (2،877) فەرمانبەر لە رەگەزی نێرو (1،314) فەرمانبەریش لەرەگەزی مێن.

سێیەم: پارێزگای هەڵەبجە:- پارێزگای هەڵەبجە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە پلەی چوارەم دێت کەبەقەزای ناوەندو سەرجەم ناحیەکانیەوە (107) فەرمانگەی حکومی لەسەر ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتیو بەرێوەبەرایەتی و بەش و هۆبە و هاوتاکانی تێدایە، لە پارێزگای هەڵەبجە (10) فەرمانگە بە ئاستی بەرێوەبەرایەتی گشتین، پارێزگای هەڵەبجە لە قەزای ناوەندو چوار ناحیە پێکدێت، ژمارەی فەرمانبەرانی حکومی لە پارێزگای هەڵەبجە بریتی یە لە (11،187) فەرمانبەر.

ئەم راپۆرتە ژمارەی بەرێوەبەرایەتی یە گشتیەکانو بەرێوەبەرایەتی یەکانی خستۆتە روو، هەروەها داتاکانی ژمارەی بەشو هۆبەکان لە قەزاو ناحیەکانی هەرسێ پارێزگای مەبەست لەخۆ دەگرێت، بەڵام هەر پارێزگایەکی لەگەڵ قەزاو ناحیەکانیدا وەك یەك پاکێج وەرگرتوەو ئەو قەزایانەشی کەناوەندی ئیدارەی سەربەخۆن لەگەڵ پارێزگاکاندا هەژمار کردوە، بۆ نمونە قەزاکانی کەلارو رانیە، کە ناوەندی ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و راپەڕێنن لەگەڵ پارێزگای سلێمانیدا هەژمار کردوە، قەزای سۆران کە ناوەندی ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانە، لەگەڵ پارێزگای هەولێردا هەژمار کردوە.

هەروەها بەهۆی دووری لەروی جوگرافیو بەهۆی سنورداریی توانای داراییو تەکنیکیو مرۆیی یەوە ئەم راپۆرتە کاری لەسەر پارێزگای دهۆك نەکردوە.

## میتۆدی راپۆرت:

ئەم راپۆرتە بنکۆڵکارییە بە شێوەی هەرەمەکی فەرمانبەرانو فەرمانگەکانی دەست نیشان کردوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، دیمانەی فەرمانبەران بە شێوەی روو بەروو هەروەها بە ئۆنلاین لەرێگای پرکردنەوەی فۆرمێکی ئەلکترۆنیەوە بوە، کە زۆربەی دیمانەکان روبەروو بوە، (847) فەرمانبەر بە شێوەی روبەروو بینراونو(179) فەرمانبەر لە دورەوە فۆرمی ئەلکترۆنیان پر کردۆتەوە.

ئەم راپۆرتە بنكۆڵكارییە بارودۆخی كارگێڕی ژمارەیەكی دیاری كراو لە فەرمانبەرانی حكومەتی هەرێمی كوردستانی لە هەرسێ پارێزگای مەبەست كردوە بە بنەما بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سەرجەم فەرمانبەری دیكە، كە بارودۆخەكە لە زۆربەی هەرە زۆری فەرمانگە حكومییەكان هاوشێوەیەو تارادەیەكی زۆر دووبارە ئەبێتەوە، وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا بۆ ئامادەكردنی ئەم راپۆرتەو بەردەست خستنی زانیاریەكانی ناوی قسە لەگەڵ (1023) فەرمانبەری سەر بە (261) فەرمانگەی حكومیدا كراوە، كە ئەو (261) فەرمانگە حكومییە (31،481) فەرمانبەریان هەیە، كە (14،916) فەرمانبەریان لە پارێزگای هەولێرنو(15،622) فەرمانبەریان لە پارێزگای سلێمانیو (943) فەرمانبەریش لە پارێزگای هەڵەبجەن.

راپۆرتەكە بۆ زانینی بارودۆخی هەر فەرمانگەیەكو فەرمانبەرەكانی لە روی كارگێڕیوبوونی دەست وەردان لە كاروبارياندا، پشتی بە ئەو زانیاریانە بەستوە كە لە لەو فەرمانبەرانە وەرگیراون كە قسەیان لەگەڵدا كراوە، بەو پێیەی هەر فەرمانبەرێك بە وردی ئاگاداری روداوەكانو بارودۆخی ناو فەرمانگەكەی خۆیەتی، بۆ پشت راستكردنەوەی زانیارییەكانیش ئەندامانی تیمی ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە بۆ هەر فەرمانگەیەك قسەیان لەگەڵ زیاتر لە یەك فەرمانبەر كردوەو دواتر زانیارییەكان بەراورد كراو

# بەشی یەکەم

# دیدی یاسایی

# دەستوەردانی حیزبی لە کاروباری فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستاندا

## بەشی یەکەم/ دیدی یاسایی:

یاسای ژمارە پێنجی ساڵی 2008 ی عێراقی، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت - عێراق ژمارە 14ی ساڵی 1991 لەماددەی یەکەم بڕگەی دوەم بەم جۆرە باسی فەرمانبەری گشتی کردوە:-

**فەرمانبەر:- هەموو کەسێکە ئەرکێك (وەزیفەیەك)ی لەناو میلاکی وەزارەتێك یان فەرمانگەیەکی نەبەستراو بە وەزارەت پێ سپێردراوە، واتا فەرمانبەری گشتی تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بۆ حکومەت کار دەکەن.**

پەیوەندی فەرمانبەری گشتی بە دەوڵەتەوە بابەتێکە تائێستا بیردۆزانی یاسای جیاوازیان لەسەری هەیە، هەندێك پێیان وایە پەیوەندیەکی گرێبەستی یە، هەندێکیش پێ یان وایە پەیوەندیەکی رێکەوتنە، جیاوازی نێوان گرێبەستیو رێکەوتن ( عقد و تعاقد) ئەوەیە کە رێکەوتن فراوانترە لە گرێبەست، واتا هەردوولا فەرمانبەرو دەوڵەت هەر یەکەو مەرجی خۆی دەسەپێنێت، بەڵام گرێبەست ئەوەیە کە تەنیا لایەنێك کە دەوڵەتە مەرجەکانی خۆی دەسەپێنێت، یاسا دانەری عێراقیش خۆی یەکلا نەکردۆتەوە کە ئایا پەیوەندیەکە گرێبەستی یە یان رێکەوتنە، بەڵام ئەگەر شەنو کەوی سەرجەم ئەو یاسایانە بکرێت  کە پەیوەندیان بە کارگێڕیو کاروباری فەرمانبەرانی گشتی یەوە هەیە ئەوا دەر ئەکەوێت لە عێراقدا پەیوەندی فەرمانبەری گشتیو دەوڵەت پەیوەندیەکی رێکەوتنە نەك گرێبەست، بەمەش دەردەکەوێت کە یاسای تایبەت بەسەریدا جێ بەجێ دەکرێت نەك یاسای گشتی، جیاوازی نێوان یاسای گشتیو یاسای تایبەت ئەوەیە لە یاسای تایبەتدا دەکرێت دوو لایەنی رێککەوتنێك لەسەر جێبەجێ نەکردنی برگەیەك یان زیاتر یاسای تایبەت رێك بکەونو جێبەجێی نەکەن، بەڵام ئەوە لە یاسای گشتیدا بڕگەکانی ئامیرەیە ناکرێت ئەوە بکرێت، بەم پێیەش دەردەکەوێت فەرمانبەر وئیدارە واتا دەوڵەت دوو لایەنی سەرەکی رێککەوتنەکەی نێوانانن و هەر هەردوو لا دەتوانن ئەرکوماف بەپێی ئەو رێککەوتنە دیاری بکەن، جگە لە دەوڵەت هیچ لایەنێکی دیکە بۆی نیە مەرجو سەپاندن بەسەر فەرمانبەردا ئەنجام بدات، بەڵام لەهەرێمی کوردستان لایەنی سێ یەم چۆتە ناو بابەتەکەوەو لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیاتر رۆڵ دەبینێت، ئەویش لایەنی حیزبی یە، حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان رۆڵیان هەیە لە دیاری کردنی پۆستەکانی ناو فەرمانگەکانوهیچ گۆرانکاریەك بەبێ ئەوان ناکرێت.

# بەشی دووەم

## جۆرەكانی دەستوەردانی حیزبی

## لەكاروباری فەرمانبـــــــەران

## بەشی دووەم/ جۆرەکانی دەستوەردانی حیزبی لەکاروباری فەرمانبەران:

**حیزبەکان بە چەندین جۆر دەست لەکاروباری فەرمانبەران وەردەدەن، کە لێرەدا ئاماژە بە دیار ترینیان دەکەین:-**

### یەکەم: پڕکردنەوەی فۆرمی حیزبی:-

لە کۆی (261) فەرمانگەی حکومی کە ئەم راپۆرتە کاری لەسەر کردوە، لە(220) فەرمانگە فۆرمی حیزبی بوون جارێك یان زیاتر لەژیانی فەرامانبەریاندا بە فەرمانبەران پڕ کراوەتەوە، پڕکردنەوەی فۆرمەکە لە روکەشدا ئارەزومەندانەبوە بەلاَم لە راستیدا ناچاری بوە، چونکە هەرەشەی ناراستەوخۆ لە فەرمانبەران کراوە کەسەردانی ناوەندە حیزبیەکان بکەن بۆ پرکۆدنەوەی فۆرمی حیزبیو نوێکردنەوەی زانیارییەکانیان، ئەو فەرمانبەرانەی لەگەلٚ تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتەدا قسەیان کردوە باسیان لەوە کردوە، کەسانێك کەفەرمانبەرو هاوپیشەیانو لێپرساوێتیان هەیە لەناو حیزبەکانداو تایبەت کراون لەلایەن حیزبەکانیانەوە بۆکارکردن لەسەر ئەو فەرمانگانەی کاریان تێدا دەکەن، لەو کاتانەی کە حیزب خواستی پڕکردنەوەی فۆرمی حیزبی دەبێت یان خواستی نوێکردنەوەی زانیاریی دەبێت، ئەوا ژور بە ژوری فەرمانگەکە دەگەڕێنو دەڵێن کێ فۆرمی پر نەکردۆتەوە دوا کات فلاٚنە رۆژە سەردانی فلانە ناوەندی فلاٚنە حیزب بکەن بۆ پرکردنەوەی فۆرمو ئەگەریش پری نەکەنەوە دوایی کەس گلەیی نەکات، ئەمەش وەك هەرەشەیەکی ناراستەوخۆ لێك دەدرێتەوە، چونکە دەستەواژەی دوایی کەس گلەیی نەکات مانای ئەوەیە ئەگەر هەر کەسێك فۆرمەکە پر نەکاتەوە ئەوا روبەرویی مەترسیەك ئەبێتەوە.

**دابەشبوونی جوگرافی ناچارکردنی فەرمانبەران بۆ پرکردنەوەی فۆرمی حیزبی:-**

- پارێزگای هەولێر: لە پارێزگای هەولێر لە کۆی (113) فەرمانگە کە راپۆرتەکە کاری لەسەر کردوە، لە (111) فەرمانگە فۆرمی حیزبی بە فەرمانبەران پڕ کراوەتەوە.
- پارێزگای سلێمانی: لە پارێزگای سلێمانی لە کۆی (107) فەرمانگە کە راپۆرتەکە کاری لەسەر کردوە لە (89) فەرمانگە فۆرمی حیزبی بە فەرمانبەران پڕ کراوەتەوە.

**لە پاریزگای هەولێر (99٪) و لە پاریزگای هەڵەبجەش (50٪)ی فەرمانگەکان فۆڕمی حیزبی ناچاری بە فەرمانبەرانیان پڕدەکەنەوە**

- پارێزگای هەڵەبجە:لەپارێزگای هەڵەبجە لە کۆی (41) فەرمانگە کە راپۆرتەکە کاری لەسەر کردووە لە (19) فەرمانگە فۆرمی حیزبی بە فەرمانبەران پرکراوەتەوە.

بەم پێیەش دەر دەکەوێت لە زۆرترین فەرمانگەی پارێزگای هەولێر فەرمانبەران ناچار کراون فۆرمی حیزبی پڕ بکەنەوە کە99٪ ئەو فەرمانگانەی کاریان لەسەر کراوە فەرمانبەرەکانیان ناچار کراون فۆرمی حیزبی پڕبکەنەوە، پارێزگای هەڵەبجەش کەمترین رێژەی تیا تۆمار کراوە، کە کەمتر 50٪ ئەو فەرمانگانەی راپۆرتەکە کاری لەسەر کردوون فەرمانبەرەکانی ناچار کراون فۆرمی حیزبی بوون پر بکەنەوە.

## دووەم: دیاری کردنی بەرێوەبەرو بەرپرسی بەشەکان لەفەرمانگەکان لەلایەن حیزبەوە:-

بەپێچەوانەی ئەو رێشوێنانەی هەردوو یاسای خزمەتی مەدەنی و بەرزەفتی فەرمانبەرانی عێراق کە لەهەرێمی کوردستانیش بەرکارن بۆ بەرزکردنەوەو دیاری کردنی پلەو پایەی فەرمانبەر دیاری کردوون لە هەرێمی کوردستان حیزبەکان زیاتر ئەو روڵە دەبینن، بەپێی یاسا بەرکارەکان دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پێی پێویستیو بەو جۆرەی یاسا دەسەڵاتی پێ بەخشیوە بریار لەسەر بەرزکردنەوەی پلە و پایەی فەرمانبەر بدات، یاسا بەرکارەکانی عێراق دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیان وەك تەنیا دەسەلات دیاری کردوە کە مافی ئەوەی هەیە پلەو پایەی فەرمانبەر بەرز بکاتەوە بۆ پلەیەك لەسەروی پلەی خۆی، ئەوەش بە رەچاوکردنی تواناو شایستەیی فەرمانبەرەکە لە بوارەکەی خۆیدا، جگە لە بنەما یاساییەکانو توانا و شارەزایی فەرمانبەر هیچ هۆکارێکی دیکە یان هیچ فشارو ناچارکردنێك قبوڵکراو نیە بۆ دیاری کردنی پایەکانو بەرزکردنەوەی فەرمانبەر، بەلام لە هەرێمی کوردستان ئەم بنەمایە پێشێل کراوەو حیزب رۆڵی گەورەی هەیە لە دیاری کردنی پلەو پایەی فەرمانبەردا کە خۆی لە دیاری کردنی بەرێوەبەرەکانولێپرسراوی بەشوهۆبەکانی ناو فەرمانگە حکومیەکان دەگرێتەوە.

### دابەشبوونی جوگرافی دەستوەردان لەپلەوپایەی فەرمانبەران:-

- پارێزگای هەولێر: لە کۆی (113) فەرمانگەی پارێزگای هەولێر کە ئەم راپۆرتە کاری لەسەر کردووە (113) فەرمانگە بەرێوەبەرو لێپرسراوی بەشوهۆبەکانیان لەلایەن حیزبەوە دیاری کراون.
- پارێزگای سلێمانی: لەکۆی (107) فەرمانگە کە راپۆرتەکە کاری لەسەر کردوە (98) فەرمانگە بەرێوەبەرەکانیان حیزبینو لەسەر بنەمای حیزبی بوون ئەو پۆستەیان وەر گرتوە، (23) فەرمانگە بەشی هەرە زۆری لێپرسراوی بەشوهۆبەکانیان حیزبینو لەسەر بنەمای حیزبی بونیان پۆستەکانیان پێ دراوە، هەروەها لەناو

فەرمانگەکانی دیکەشدا حاڵەتی وا هەیە پۆستێك یان چەند پۆستێکی وەك لیپرسراوی بەش‌و هۆبە لەسەر بنەمای حیزبی دراون، هاوکات پۆستیش هەیە فەرمانبەرەکە حیزبی نی یەو لەسەر بنەمای تواناو پسپۆری خۆی پۆستەکەی وەرگرتوە.

- پارێزگای هەڵەبجە: لە کۆی (41) فەرمانگە کە راپۆرتەکە کاری لەسەر کردوون، (29) فەرمانگە بەرێوەبەرەکانیان‌ولێپرسراوی بەش‌و هۆبەکانیان لەسەر بنەمای ئینتمای حیزبی دانراون، هاوکات (31) فەرمانگە لە هەڵەبجە بەجۆری جیاواز بەرپرسی‌وهۆبەکانیان کەسانێکیان بۆ دیاری کراون کە حیزب پاڵپشتی کردوون.

**لە پاریزگای هەولێر (100٪) و لە پارێزگای سلیمانی ( 91٪) و لە پاریزگای هەڵەبجەش (71٪)ی بەریوەبەر و بەرپرسی بەشەکان لە فەرمانگەکان لەسەر بنەمای حیزبی بوون دانراون!**

## سێ یەم: دابەشکاریی پۆستە حکومیەکان لە نێوان حیزبەکاندا:

عورفی کارگێڕی لەو وڵاتانەی دیموکراسین‌و یاسا تیایاندا سەرەوەرە، یان ئەو وڵاتانەی بە هەڵبژاردن گۆڕانکاریی لە بەرێوەبردندا دەکەن، وەهایە کە تەنیا سەرۆك وەزیران‌و وەزیرەکان‌و هەندێك دەزگای نیشتمانی کە پلەی سەرۆکەکانیان لە وەزیر کەمتر نیە دابەش دەکرێن، یان هەندێك پۆستی ئاستی ناوچەو پارێزگا وەك سەرۆکی شارەوانیەکان‌وپارێزگاری پارێزگاکان، سەرجەم پۆستە کارگێریەکانی دیکە وەك خۆیان دەمێننەوەو پارت‌ولایەنە سیاسیەکان دەستوەردادان ناکەن لە دانان‌و گۆڕینیاندا، بەڵکو تەنیا یاسا بەرکارەکان سەرپەرشتی چۆنێتی گۆرانکاریی بەرێوەچوونی ئیشوکاری ئەو کەسانە دەکەن، بەڵام هەرێمی کوردستان لەم عورفە باوە لایداوەوکارگەیشتۆتە ئەوەی بەرێوەبەری ناحیەکان‌و پۆستە زۆر سادەکانی ناو ناحیەو قەزاو پارێزگاکانیشیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردوە.

**دابەشبوونی جوگرافی دابەشکردنی پۆستە ئاساییەکان (ناسیادیەکان) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان:-**

**پارێزگای هەولێر:** لەپارێزگای هەولێر سەرجەم پۆستە ناسیادیەکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراون، جگە لەو کەسانەی ئینتمایان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە رێگە بەهیچ کەسێکی دیکە نەدراوە چ لە لایەنە سیاسیەکان چ لە کەسانی سەربەخۆ هیچ پۆستێکی ناسیادی وەربگرێت، بەڵام لەپارێزگای هەولێر چەند پۆستێك کە

پەیوەندییان بەهەموو پارێزگاکانی کوردستانەوە هەیەو لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتیدان، دراون بەلایەنە سیاسیەکان، یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی گۆڕان چەند پۆستێکی لەو جۆرەیان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی سیاسی پێکهێنانی حکومەت وەرگرتوە، بەڵام ئەم پۆستانە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان بۆ کار کردن لەناو شاری هەولێر نی یەو لەخوار ئەوانەوە بەڕێوەبەری تایبەت بە پارێزگاکە هەیەو دەسەڵاتە کردارییەکە لای ئەو جۆرە بەڕێوەبەرەیە کە سەرجەمیان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن.

**پارێزگای سلێمانی:** لەپارێزگای سلێمانی بەشی هەرە زۆری پۆستە ناسیادیەکان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراون، بەڵام بەپێی ڕێکەوتنی سیاسی پێکهێنانی ئیدارەی پارێزگای سلێمانی کە لەساڵی 2014وە کراوە چەند پۆستێك دراون بە بزوتنەوەی گۆڕانو هەر یەك لە کۆمەڵی دادگەریو یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، لە بەشی سێیەمی ئەم ڕاپۆرتەدا وردەکاریی دابەشکاریی پۆستە کارگێڕی و خزمەتگوزاریەکانی سلێمانی خراوەتە ڕوو.

**پارێزگای هەڵەبجە:-** لە دوای بوونی بەپارێزگا، هەڵەبجەش وەك پارێزگاکانی دیکە بریاری دابەشکردنی پۆستەکانی لەنێوان حیزبەکاندا درا، بەڵام ئەم بریارە تائێستا وەك خۆی جێبەجێ نەکراوە، ڕۆژی 13-03-2017 حیزبە سیاسیەکان ڕێکەوتنێکیان لەنێوان خۆیاندا ئەنجامدا بۆ ئەوەی پۆستە حکومیەکانی هەڵەبجە بە ئەنجومەنی پارێزگاشەوە، بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن، کە دەبوو یەکێتی نیشتمانی کوردستان شەش کورسی ئەنجومەنی پارێزگاو چوار بەڕێوەبەری گشتی بەر بکەوێت، بزوتنەوەی گۆڕان پێنج کورسی ئەنجومەنی پارێزگاو سێ بەڕێوەبەری گشتی بەر بکەوێت، لیستی خزمەت، لیستی هاوبەشی کۆمەڵی دادگەری کوردستانو یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان حەوت کورسی ئەنجومەنی پارێزگا و چوار بەڕێوبەری گشتی بەر بکەوێت، پارتی دیموکراتی کوردستان سێ کورسی ئەنجومەنی پارێزگا و سێ بەڕێوەبەری گشتی بەر بکەوێت، بزوتنەوەی ئیسلامیی دوو کورسی ئەنجومەنی پارێزگاو لیستی هاوپەیمانی یەك کورسیو بۆ پێکهاتەی کاکەییش یەك کورسی، بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ نەکراو تەنیا لەسەر ئاستی پارێزگا چەند پۆستێك دابەش کران، کە پارێزگار سەرەتا بۆ بزوتنەوەی گۆڕان ودواتر بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستانو جێگرەکانی پارێزگار بۆ بزوتنەوەی گۆڕانو یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان.

**تێبینی//** ئەم ڕاپۆرتە کاری لەسەر پشکی حیزبەکان لە ئەنجومەنی پارێزگاکانو ئینتمای حیزبیوسیاسی پارێزگارەکان نەکردوە لەبەر ئەوەی ئەوان بە هەڵبژاردن دیاری کراون، بەڵام لەبەر ئەوەی لەپارێزگای هەڵەبجە هیچ هەڵبژاردنێکی ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوەو نیازی ئەوە هەبوەو هەیە کە کورسیەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بەبێ هەڵبژاردن دابەشی سەر

لایەنە سیاسییەکان بکرێن هەروەها پارێزگارەکەی بەبێ هەڵبژاردن دانراوە بۆیە ئەم راپۆرتەکە کاری لەسەر ئەنجومەنی پارێزگاو پارێزگاری پارێزگای هەڵەبجە کردوە.

### چوارەم: ئەندام بوون لە سەندیکا پیشەییەکان:-

رێگایەکی دیکە بۆ بە حیزبی کردنی فەرمانبەران ناچارکردنیانە بە ئەندامبوون لە سەندیکا پیشەییەکان، بەشێك لە فەرمانبەران کە پیشەیی و تەکنیکین ناچارکراون کە ببنە ئەندامانی سەندیکاپیشییەکان، ئەم ئەندامبوونە مەرج بوە بۆ دامەزراندنیان و هەژمارکردنی دەرماڵەی پیشەیی بۆیان، تەواوی سەندیکا پیشەییەکان لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵکراون و دەستوەردانێکی بەرفراوان هەیە لە کاروبارییاندا، لەکاتی هەڵبژاردنی

> **تەواوی سەندیکا پیشەییەکان لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستانەوە کۆنترۆڵکراون و دەستوەردانێکی بەرفراوان هەیە لە کاروبارییاندا.**

دەستە جیاوازەکانی سەندیکاکاندا حیزبەکان لیستیان هەیە و بە پەرۆشەوە کار دەکەن بۆ سەرخستنی لیستەکانیان، ئەوەش وایکردوە هەوڵبدەن زۆرترین ئەندامی ئەو سەندیکایانە، ئەندام و لایەنگری ئەوان بێت، بۆیە هەموو هەوڵێکیان داوە تا لەرێگای سەندیکاکانەوە فەرمانبەران بەلای خۆیاندا رابکێشن و رێگا وتەکنیکی جیاواز بەکار بهێنن بۆ ئەوەی بیانکەن بە حیزبی، لەناو ئەو رێگاو تەنیکە جیاوازەدا، ناچارکردن و هەرەشەی ناراستەوخۆ هەیە، بەمدوایانە حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد کە دەبێتە هۆکارێکی باش بۆ ئەوەی چیتر لەرێگای سەندیکاکانەوە هەوڵی بەحیزبی کردنی فەرمانبەران نەدرێت، ئەویش رێنمایی دارایی ژمارە شەشی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانە، کە لە رۆژی 2023/04/17 دەریکرد و هەموو ئەو بڕیار و رێنماییانەی پێشووی هەڵوەشاندەوە کە فەرمانبەرانی ناچار دەکرد، بۆ دامەزراندن یان هەژمارکردنی دەرماڵەی پیشەیی بۆیان ببنە ئەندامی یەکێك لە سەندیکا پیشەییەکان، ئەگەر بێت و کار بەو بڕیارە بکرێت، ئەوا دەبێتە هەنگاوێکی باش بۆ ئەوەی دەستوەردانی حیزبی لەکاروباری فەرمانبەراندا کەم ببێتەوە.

# بەشی سێیەم

## سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان و ڕێکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان

## بەشی سێیەم/ سەرۆکی یەکە کارگێریەکان و ڕێکەوتنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان:

یەکە کارگێریەکانیش هاوشێوەی پۆستە ناسیادیەکان دابەش کراون، ئەوانەشی دابەش نەکراون کەسانی سەر بەهەردوو پارتی دەسەلاتداری بۆ دیاری کراوە، لەهیچ کام لە یەکە کارگێریەکانی هەر سێ پارێزگادا ڕێگە بەوە نەدراوە کەسانی ناحزبی‌وتەکنۆکرات پۆستێك لەو پۆستانە وەربگرن بەڵکو یان دەبێت سەر بە پارتی دەسترۆیشتوو بێت یان ئەگەر سەر بە پارتەکانی دیە بوو ئەوا دەبێت لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی سیاسیدا ئەو پۆستەی وەرگرتبێت.

### دابەشبوونی جوگرافی دابەشکردنی پۆستی سەرۆکی یەکە کارگێریەکان:-

**پارێزگای هەولێر:** لە پارێزگای هەولێر تەنیا قەزای کۆیە کەسێکی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك قائیمقام دیاری کراوە، سەرجەم پۆستی قائیمقام‌وبەڕێوەبەری ناحیەکانی پارێزگای هەولێر سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن‌ورێگە بەهیچ کەسێکی تەکنۆکرات‌و سەربەخۆ نەدراوە هیچ پۆستێکی لەو جۆرە وەربگرێت، هەروەها ڕێگە بەهیچ حیزب‌ولایەنێکی دیکە نەدراوە هیچ کام لەو پۆستانە وەربگرن.

**سەرجەم پۆستی قائیمقام‌وبەڕێوەبەری ناحیەکانی پارێزگای هەولێر سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانن، جگە لە قەزای کۆیە .بەلام لە سلیمانی و هەلەبجەش بە ریکەوتنی حیزبی دابەشکراوە.**

**پارێزگای سلێمانی: (ڕێککەوتنی ساڵی 2014ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و بزوتنەوەی گۆڕان):-** پۆستی سەرۆکی یەکە کارگێریەکانیش لە پارێزگای سلێمانی بەر دابەشکاریی حیزبی کەوتوون‌و ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە، بەشی هەرە زۆری ئەو پۆستانە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراون، بەڵام بە پێی ڕێکەوتنی ساڵی 2014ی نێوان لایەنە سیاسیەکان بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و بزوتنەوەی گۆران، ژمارەیەك لە پۆستی سەرۆکی یەکە کارگێریەکانی سەر پارێزگای سلێمانی دراون بەو لایەنانە، بزوتنەوەی گۆڕان (12) بەرێوەبەری ناحیە و چوار پۆستی قائیمقامی قەزای بەر کەوتوە، بەپێی ناوەرۆکی ڕێکەوتنی دابەشکردنی پۆستی سەرۆکی یەکە کارگێریەکانی سلێمانی بەسەر حیزبەسیاسیەکاندا، (44) پۆستی بەرێوەبەری ناحیەی پارێزگاکە بەمجۆرە ڕێکەوتنیان لەسەر کرا:-

- بزوتنەوەی گۆران (19) پۆستی بەرێوەبەری ناحیە و شەش قائیمقام و (11) بەرێوەبەری گشتی و سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەرین بەر بکەوێت.

- یەکێتی نیشتمانی کوردستان (18) پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە و شەش قائیمقامو (11) بەڕێوەبەری گشتی و سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانی بەر بکەوێت.
- کۆمەڵی دادگەریی کوردستان و یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و پارتی دیموکراتی کورستان حەوت پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە و سێ پۆستی قائیمقامو پێنج بەڕێوەبەری گشتی یان بەر بکەوێت.

**دەقی ڕێککەوتننامەی نێوان یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان:**

1. حکومەتی خۆجێیی سلێمانی، حکومەتێکی بنکە فراوانە لەگشت لایەنە براوەکانی هەڵبژاردنی 30/4/2014 پێکدەهێنرێت، کەهەموو لایەنەکان بەپێی بەرکەوتی هەڵبژاردن بەشدار و هاوبەشن لەبەرێوەبردنی پارێزگادا.
2. پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و جێگرەکانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و جێگرەکەی، بڕیاردەری ئەنجومەن، قائیمقامیەتی ناوەند، پۆستەکانی پارێزگای هەڵەبجەو جێگرەکانی، سەرۆکی ئەنجومەنی هەڵەبجەو جێگرەکەی، بریاردەری ئەنجومەنی هەڵەبجەو قائیمقامی هەڵەبجە، ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ئیدارەی راپەرین و جێگرەکان بەپێی هاوپێچی یەکەم دابەش دەکرێت، بۆ هەر یەك لە گۆڕان و یەکێتی بۆماوەی دووساڵ پاشان جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت.
3. کاندیدی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ دوو ساڵ یەکەمی پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە د.ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین کەلە بەرواری(11/12/2014) دەستبەکار دەبێت تا بەرواری (9/8/2016)، کاندیدی بزوتنەوەی گۆڕان بۆ دوو ساڵی دووەم پۆستی پارێزگای سلێمانی بریتیە لە د.هەڤال ئەبوبەکر کەلە بەرواری (10/8/216) دەستبەکار دەبێت تا بەرواری (30/4/2018).
4. تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو ناحیەکان، پۆستەکانی قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە دادەنرێن بەپێی هاوپێچی (دووەم و سێیەم).
5. پۆستەکانی بەڕێوبەرە گشتیەکان بەپێی هاوپێچی چوارەم دابەش دەکرێت بەسەر لایەنکاندا.
6. ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ دەستبەکاربونی پارێزگار هەڵدەستێت بەجێبەجێ کردنی هاوپێچی (دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم).
7. ماوەی دووساڵ بە دووساڵ کە لەم ڕێککەوتنەدا هاتوە بەمانای ئەوەیە کە دووساڵی یەکەم لە 11/12/2014 تا 9/8/2016 دەبێت بەدووساڵی دووەم لە 10/8/216 تا 30/4/2018 دەبێت.
8. بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لەڕێگەی لیژنەیەکی هاوبەشەوە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تر دەکەن بۆ دیاری کردنی پشەکەکانیان و هاوبەشی کردنیان لەحکومەتی خۆجێیەتی سلێمانی.

9. گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسدا بەپێی ڕێکەوتنی پێشوەخت لەنێوان هەردوولا ئەنجام دەدرێت و دەست پێکەکەی بەم گۆڕان کاریانە دەستپێدەکات، وەك لەهاوپێچی پێنجەمدا هاتووە.

10. ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵدەستێت بەپێدا چونەوە بەسەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکان بەئەنجامدانی گۆڕانکاری تیایدا بەپێ ڕێکارە یاسایی و ئیداریەکان.

11. زانکۆو پەیمانگاکان و راگرایەتی دەستە سەربەخۆکان و ئەو فەرمانگانەی لەدەرەوەی دەسەلاتی ئەنجومەنی پارێزگاکانن بەپێی یاسا لەسەر بنەمای لێهاتوویی و سی ڤی و دەرفەتی یەکسان ڕێکدەخرینەوەوە.

12. ئەم ڕێکەوتنە لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەخوێنریتەوەو پەسەند دەکرێت و ئەنجومەنی حکومەتی هەرێم پابەندە بەجێبەجێکردنی تەواوی ڕێکەوتنەکە.

**ڕێککەوتنەکەش لە پۆستەکاندا بەم شێوەیەیە:**

ئەو پۆستانەی بەر بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی و لایەنەکانی تر کەوتوە بەم شێوەیەیە:

- دوو ساڵی یەکەم پارێزگاری سلێمانی بۆ یەکێتی دەبێت و جێگرێکی بۆ گۆڕان
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ گۆڕان دەبێت و جێگرەکەی بۆ یەکێتی.
- لە پارێزگای هەڵەبجەش، پارێزگارو جێگرێکی پارێزگار بۆ گۆڕان دەبێت و یەکێتیش، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو قائیمقام و جێگری پارێزگاری بەردەکەوێت.
- لێپرساوی ئیدارەی گەرمیان بۆ یەکێتی، ئیدارەی راپەڕینیش بۆ گۆڕان دەبێت.
- لەکۆی (15) قائیمقام لە پارێزگای سلێمانی، (6) قائیمقام بەبزوتنەوەی گۆڕان کەوتوە لەوانەش (سلێمانی، کەلار، پێنجوێن، سەیدسادق، دەربەندیخان).
- یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (6) قائیمقامی بەرکەوتوە، لەوانەش (هەڵەبجە، رانیە، چەمچەماڵ)
- (3) قائیمقامی دیکەیش بۆ پارتی و یەکگرتو کۆمەڵ دەبێت.
- بەپێی ڕێککەوتنەکە لە کۆی (44) بەڕێوەبەری ناحیە لە سنوری پارێزگای سلێمانی، گۆڕان (19) بەڕێوەبەری ناحیەی بەردەکەوێت و یەکێتیش (18) بەڕێوەبەری ناحیەی دەبێت.
- هەروەها (7) بەڕێوەبەری ناحیە دەمێنێتەوە بۆ سێ لایەنەکەی دیکە (پارتی، یەکگرتو، کۆمەڵ(
- لە پارێزگای سلێمانی (27) بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیەو لەو ژمارەیەش بزوتنەوەی گۆڕان (11 ) بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەردەکەوێت و یەکێتیش (11).

- (5) بەڕێوەبەرایەتی گشتیش بۆ پارتی و یەکگرتو کۆمەڵ دەبێت.

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان** **بزوتنەوەی گۆڕان**

**2014/12/09**

**سەرنج لەسەر رێکەوتنەکە:-**

رێکەوتنەکە لە رۆژی 2014/12/09 لەنێوان هەردوو لایەنی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕان واژۆ کراوەو لە رۆژی 2014/12/11 خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، رێکەوتنەکە پێچەوانەی یاساکارگێڕیەکانو بنەماکانی دەستورو بنەما دیموکراسیەکانە، چونکە جگە لە پۆستی پارێزگاروسەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، کە دوو پۆستی سیادیوسیاسینو ئاساییە رێککەوتنی سیاسیان لەسەر بکرێت، سەرجەم پۆستەکانی دیکە کە بەپێی ئەو رێکەوتنە دابەشکراون، تەواو پۆستی کارگێڕیوخزمەتگوزارینو بە پێی عورفی کارگێڕی نابێت بە رێککەوتنی سیاسی دابەش بکرێن، بەڵکو دەبێت کەسانی تەکنۆکراتو پسپۆری بوارەکان لەسەر بنەمای سی ڤی و لێهاتووی بە پێی خزمەتو شایستە لەو پۆستانە دابنرێن، بەڵام هەردوو لایەنی سەرەکی رێککەوتنکە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی گۆڕانن، هەروەها هەرسێ لایەنی ناسەرەکی رێکەوتنەکە کە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی ئەو کاتو کۆمەڵی دادگەری ئێستا و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانن، لە پێناو بەرژەوەندی حیزبی خۆیان بنەما یاساییودەستوریودیموکراسیەکانیان وەلاناو تەواوی پۆستەکانیان بەسەر خۆیاندا دابەش کرد، رێکەوتنەکە لە (12) خاڵو دوو پاشکۆ پێکهاتوە، خاڵی (11)ی رێککەوتنەکە تایبەتە بە پرسی سەرۆکی زانکۆکانو راگری کۆلێژەکان، ئەگەرچی بە رونی باسی ئەوەی نەکردوە کە ئەم پۆستە زانستیانەش حیزبیانە دابەش دەکرێن، بەڵام بوونی ئەو خاڵە ئاماژەبوو بۆ ئەوەی کە رێککەوتنی نهێنی لەسەر دابەشکاری پۆستی سەرۆکی زانکۆکانو راگری کۆلێژەکانیش کراوە، ئەوەبوو ساڵی 2022 بە کرداری ئەو رێکەوتننامە نهێنیەش ئاشکرابوو، کە پۆستی سەرۆکی زانکۆکانی سنوری پارێزگاکانی سلێمانیوهەڵەبجە بەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆڕاندا دابەشکراو وردەکاری چۆنێتی دابەشکردنی حیزبیانەی پۆستی سەرۆکی زانکۆکان لە پارێزێگاکانی هەولێرو سلێمانیو هەڵەبجە لە بەشەکانی داهاتووی ئەم راپۆرتەدا دەخرێتە روو.

ئەم رێککەوتنە وەك خۆی جێبەجێ نەکراوەو هیچ کام لە حیزبەکان جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەواوی ئەو پۆستانەیان وەرنەگرتوە کە بۆیان دانرابوو، ئەمەش بەهۆی ئەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی ئامادە نیە پێیان بدات.

بەشێوەیەکی گشتی لە کۆی (16) قەزاو (44) ناحیەی پارێزگای سلێمانی هیچیان سەربەخۆ نین، یان سەر بە پارتی دەسترۆیشتوی یەکێتی نیشتمانی کوردستانن یان سەر بەو لایەنە سیاسیانەن کە بەپێی ڕێکەوتننامەی ساڵی 2014 پۆستەکانیان بەسەردا دابەشکراوە.

ڕێککەوتنەکە هیچ ئومێدێکی نەهێشتەوە بۆ ئەوەی کەسانی سەربەخۆی تەکنۆکرات و پسپۆر لە فەرمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین پۆستی فەرمانگە کارگێڕی و خزمەتگوزارییەکان وەر بگرن، چونکە 100٪ ئەو پۆستانە دابەشی سەر لایەنەکانی ڕێککەوتنەکە کراو ئەوەی سەلماند و پشتڕاستکردەوە جگە لە کەسانی حیزبی هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت پۆستێکی لەو جۆرە وەر بگرێت.

**پارێزگای هەڵەبجە:** پارێزگای هەڵەبجە تەنیا لە قەزای ناوەندو چوار ناحیە پێکهاتوە، پۆستی سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانی ئەو پارێزگایەش لەنێوان لایەنە سیاسیەکاندا دابەشکراوە بەمجۆرە:-

- پۆستی قائیمقامی قەزای ناوەند بەپێی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزوتنەوەی گۆڕان دەبێت بدرێت بە بزوتنەوەی گۆڕان بەڵام تائێستا ئەو پۆستە لای یەکێتی یەو ئامادە نیە بیدات بە بزوتنەوەی گۆڕان.
- پۆستی بەرێوەبەری ناحیەی بیارە دراوە بە بزوتنەوەی گۆڕان
- پۆستی بەرێوەبەری ناحیەکانی سیروان و خورماڵ و بەمۆ لای یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

## ئیدارە سەربەخۆکان:-

لە چوار چێوەی هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی نا ناوەندێتی کارگێڕیٚ، لەهەرێمی کوردستان چەند یەکەیەکی کارگێریٚ دروستکراون بەناوی ئیدارەی سەربەخۆ وە، هۆکاری دروستکردنی ئەم یەکانە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە جۆرێك لە خۆبەرێوەبەری کارگێریٚ لە ناوچە دورە دەستەکاندا بهێنرێتە کایەوە بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانەی دورە دەستن، ئەم یەکە کارگێریانە کاریگەری باشیان هەبوە لەسەر ئاسانکردنی کاروباری رۆژانەی خەڵك لە روی کارگێری یەوە، ئەم یەکانە بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان دەسەلاتیان نزیکە لەدەسەلاتی پارێزگاوە، بەلاٚم بۆ ئاستی عێراق دانیان پێدا نەنراوەو وەك یەکەیەکی کارگێری یاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، سیٚ یەکەی کارگیریی (ئیدارەی سەربەخۆ دەکەونە ئەو سنورە جوگرافیەی ئەم راپۆرتە کاری لەسەر کردوە، ئەوانیش ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە پارێزگای هەولێر، ئیدارەی سەربەخۆی راپەرین لەپارێزگای سلێمانیوئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان لەپارێزگای سلێمانی) ئەم ئیدارە سەربەخۆیانەش هاوشێوەی

یەکە کارگێڕیەکانی دیکە یان حیزب لێپرسراوی ئیدارەی بۆ دیاری کردون، یان بەپێی ڕێکەوتنی حیزبەکان پۆستەکانیان دابەشی سەرخۆیان کراوە.

## دابەشبوونی جوگرافی دابەشکردنی پۆستە حکومیەکانی ئیدارە سەربەخۆکان بەسەر حیزبەکاندا.

**پارێزگای هەولێر – ئیدارەی سەربەخۆی سۆران:**–سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و سەرجەم پۆستی بەرێوەبەری فەرمانگەکانو لێپرسراوی بەشوهۆبەکانی ناو ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە وەك حیزبی دەسترۆیشتوی ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ کراون، ڕێگە بەهیچ کەسێکی تەکنۆکراتی سەربەخۆ یان هیچ کەسێکی سەر بەلایەنی دیکەی سیاسی نەدراوە هیچ جۆرە پۆستێك لە پۆستە ئاماژە پێدراوەکانی سەرەوە وەربگرێت.

**پارێزگای سلێمانی – ئیدارەی سەربەخۆی راپەرین:-** بەپێی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانوبزوتنەوەی گۆڕان دەبوو پۆستی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی راپەرین بۆ بزوتنەوەی گۆڕان بێت، بەڵام تائێستا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستبەرداری ئەو پۆستە نەبوە، بەشی هەرە زۆری پۆستەکانی ئیدارەی سەربەخۆی راپەرین لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراوە، لەگەڵ بەشدارییەکی دیاری کراوی بزوتنەوەی گۆران لە پۆستەکاندا، کە ئەوانیش پۆستی قائیمقامی قەڵادزێ و ناحیەکانی سەنگەسەر و حاجی ئاوایە.

**پارێزگای سلێمانی – ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان:-** ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیانیش بەر ڕێککەوتنی حیزبیی نێوان بزوتنەوەی گۆرانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەوتوە، بەشێك لە  پۆستەکانی ئەو ئیدارەیە بەر بزوتنەوەی گۆران کەوتوە، بەڵام بەشی هەرە زۆری پۆستەکانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئیدارەکە لە دوو قەزاو چەند ناحیەیەك پێك هاتوە، کە کەهەردوو قەزای کەلاروکفری ئیدارەکە پێك دەهێننو قەزای کەلار ناوەندی ئیدارەکەیە، بەپێی ڕێکەوتنی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستانوبزوتنەوەی گۆران ئەم پۆستانە بۆ بزوتنەوەی گۆران دیاری کراون، کە هەندێکیانی وەرگرتوەو هەندێکیشان تائێستا لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کورستانەوە بەرێوەدەبرێن:-

**ئەو پۆستانەی بزوتنەوەی گۆران وەری گرتوون:-**

- قائیمقامی قەزای کەلار
- بەرێوەبەری ناحیەی سەرقەڵا
- بەرێوەبەری ناحیەی شێخ تەوێڵ
- بەرێوەبەری گشتی تەندروستی گەرمیان

- بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان

**ئەو پۆستانەی لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان ڕێکەوتنیان لەسەر کراوەو تائێستا نەدراون بە بزوتنەوەی گۆران:-**

- جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان.
- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان

# بەشی چوارەم

# زانکۆ حکومیەکان

**بەشی چوارەم/ زانکۆ حکومیەکان:-**

سەرەرای ئەوەی بە ناوەندێکی ئەکادیمیوزانستی گرنگ هەژمار دەکرێن، بەڵام زانکۆ حکومیەکانیش بێبەش نین لەدەسوەردانی حیزبی، لەسەرەتادا دەستوەردانی حیزبی لە زانکۆ حکومیەکاندا بەشێوەی سەپاندن بوو، کە حیزبی دەسەڵاتدار بە خواستی خۆی کەسانی نزیك لە خۆی بۆ پۆستی سەرۆکی زانکۆکان دیاری دەکرد دور لە مەرجورێنماییە یاساییەکان، بەڵام لە ئێستا بە رێکەوتنی ئاشکرا پۆستی سەرۆکی زانکۆکانیش هاوشێوەی پۆستە کارگێریەکانی دیکە

ڕێکەوتنی لەسەر کراوەو دابەشکراون، ئەو سنورە جوگرافیەی ئەم راپۆرتە کاری لەسەر کردوە، دە زانکۆی حکومی تێدەکەوێت کە برتیین لەم زانکۆیانە بە پێی پارێزگاکان:-

**پارێزگای هەولێر-ئیدارەی سەربەخۆی سۆران:** زانکۆی سلاحەدین، زانکۆی پۆلەتەکنیکی هەولێر، زانکۆی پزیشکی هەولێر، زانکۆی کوردستان – هەولێر، زانکۆی سۆران، پەیمانگای کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژیوزانستیەکان (بە ئاستی زانکۆ) ،بۆردی کوردستانی بۆ تایبەتمەندیە پزیشکییەکان ( بەئاستی زانکۆ) و زانکۆی کۆیە.

**پارێزگای سلێمانی-ئیدارە سەربەخۆکانی راپەرینوگەرمیان:** زانکۆی سلێمانی، زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی، زانکۆی چەرموو، زانکۆی راپەرینوزانکۆی گەرمیان.

**پارێزگای هەڵەبجە:** زانکۆی هەڵەبجە.

## دابەشکردنی پۆستی سەرۆکی زانکۆکان بەپێی ناوچەکان:-

**پارێزگای هەولێر – ئیدارەی سەربەخۆی سۆران:-** زانکۆکانی سلاحەدینوپۆلەتەکنیکی هەولێرو زانکۆی پزیشکی هەولێرو زانکۆی کوردستان – هەولێر و زانکۆی سۆران و پەیمانگای کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژیوزانستیەکان ( بە ئاستی زانکۆ) و بۆردی کوردستانی بۆ تایبەتمەندیە پزیشکییەکان ( بەئاستی زانکۆ) سەرۆکەکانیان سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستانن، زانکۆی کۆیە سەرۆکەکەی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

**پارێزگای سلێمانی – ئیدارەکانی راپەرینوگەرمیان:-** زانکۆکانی سلێمانیوپۆلەتەکنیکی سلێمانیوراپەرینوگەرمیان سەرۆکەکانیان سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانن، زانکۆی چەرموو سەرۆکەکەی سەر بە بزوتنەوەی گۆرانە.

پارێزگای هەڵەبجە: زانکۆی هەڵەبجە سەرۆکەکەی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

بەوپێ یە لە پارێزگای هەولێر لە کۆی هەشت زانکۆی حکومی حەوت پۆستی سەرۆك زانکۆ لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراون، یەك پۆستی سەرۆك زانکۆش کە زانکۆی کۆیە یە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە

**لە پاریزگای هەولیر سەرجەمی پۆستی سەرۆکی زانکۆکان لای پارتی یە , جگە لە زانکۆی کۆیە .**
**لە سنوری پارێزگاکانی سلێمانیوهەڵەبجە بەسەر یەکێتی و بزوتنەوەی گۆڕاندا دابەشکراوە**

کونترۆڵ کراوە، لە پارێزگای سلێمانی بە ئیدارەکانی راپەرینوگەرمیانەوە لە کۆی پێنج پۆستی سەرۆك زانکۆ چواریان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراونو یەك پۆستی سەرۆك زانکۆش کە زانکۆی چەرموە، دراوە بە بزوتنەوەی گۆران، لەپارێزگای هەڵەبجە یەك زانکۆی حکومی هەیە ئەویش زانکۆی هەڵەبجەیە، پۆستی ئەو زانکۆیەش لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراوە.

# بەشی پێنجەم

## زیانە کارگێڕیەکانی دابەشکاریی حیزبی بۆ پۆستە ئیدارییەکـــــان

**بەشی پێنجەم/ زیانە کارگێڕیەکان دابەشکاریی حیزبی بۆ پۆستە ئیدارییەکان:-**

دابەشکردنی پۆستە کارگێریەکان لەنێوان حیزبەکاندا کاریگەریەکی باشی جێ نەهێشت لەسەر رەوشی کارگێری ئەو شاروشارۆچکانەی ئەو دابەشکاریانەیان تێدا کرا، بە پێچەوانەوە کێشەو گرفتی کارگێڕی زیاتر کرد، بەتایبەت

دروستکردنی هەستیاریی لەنێوان بەرێوەبەری ناحیەکان لە گەڵ بەرێوەبەری فەرمانگە حکومیەکانوهاووڵاتیانوپەیژەی کارگێڕی نێوان فەرمانگەکان.

ئەم راپۆرتە کاری لەسەرئەو یەکە کارگێڕیانە کردوە کەکاری دابەشکاری پۆستە کارگێریەکانیان بە پێی رێکەوتنی سیاسی نێوان حیزبەکان لە پارێزگای سلێمانی تێدا کراوە لە ئەنجامی کاری بنکۆڵکاریی راپۆرتەکە ئەوە دەرکەوتوە ئەو دابەشکارییە ئەنجامێکی ئەرێنی نەبوە بەو جۆرەی باسی لێوە دەکرا، بەپێی ناوەرۆکی ئەو رێکەوتنەی بۆ دابەشکردنی حیزبیانەی پۆستە کارگێڕییەکان کرا، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکان بەهێزکردنی بنەمای بەشداریی سیاسیوپەرەپێدانی توانای کارگێڕی بوو، بەڵام لە واقیعدا ئەم ئامانجە بەدی نەهاتوە، بەڵکو جۆرێك لە ململانێو دابەشبوونی سیاسی لەنێوان سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانو بەرپرسیانی دیکەی حکومی، کە هاووڵاتیانیشی گرتۆتەوە دروستبوە، ئەوەش زیانی زۆری گەیاندوە بە رەوشی کارگێڕی ئەو ناوچانە، چونکە رێگریی لە پێشکەوتنی ئەو ناوچانە دروست بوە کە دابەشکاریەکانیان تێدا کراوە.

### وردەکاری ئەو گرفتانەی دابەشکاریە حیزبیەکە دروستی کردون:-

سەرجەم ئەو یەکە کارگێڕیانەی وەك ناحیەو قەزاکان کە بەرێوەبەری ناحیەو قائیمقامەکانی دراون بە حیزبەکانی دیکە وەك بزوتنەوەی گۆڕانو کۆمەڵی دادگەریی کوردستانو یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان، فەرمانگەو دامودەزگا حکومییەکانی دیکەی یەکە کارگێڕیەکان لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کۆنترۆڵ کراون، ئەوە وایکردوە بەریەککەوتنو هەستیاری لە نێوان بەرێوەبەری فەرمانگە حکومیەکانو سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان دروست ببێت، راپۆرتەکە چەندین حاڵەتی هەستیاریو بەریککەوتنی تۆمارکردوە، هەروەها لە هۆکاری ئەو هەستیاریەی کۆڵیوەتەوە:-

**یەکەم: بەرپرسانی حکومی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادە نین وەك پێویست فەرمانی کەسانێك**

**بەرپرسانی حکومی سەر بەیەکێتی نیشتمانی کوردستان ئامادە نین وەك پێویست فەرمانی کەسانێك جێبەجێ بکەن کە لە حیزبەی خۆیان نین.**

**جێبەجێ بکەن کە لە حیزبەی خۆیان نین:-**

ئەم دیاردەیە زیاتر لە نێوان بەرپرسانی سەربازی وەك پۆلیسو ئاسایش هەیە لەگەڵ سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان، بەرپرسانی ئەو دوو دەزگا ئەمنیە هەستیاریان بەرامبەر ئەو سەرۆکی یەکە کارگێریانە هەیە کە یەکێتی نین، بەتایبەت

ئەوانەی سەر بە هەردوو حیزبە ئیسلامیەکەن، تائێستا بەرپرسانی ئەمنی یەکە کارگێڕیەکان گۆرانکاریی بەسەر بیرکردنەوەیاندا نەهاتوە بەرامبەر بەو دوو حیزبەو وەك حیزبی بەشدار لەدەسەلأت لیٚ یان ناروانن، ئەوەش وای کردوە لە وردەکاریی کاری خۆیان سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان ئاگادار نەکەنەوە، سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان سەرۆکی لیژنەی ئەمنین لە شارەکانیاندا، ئەوەش مانای ئەوەیە دەبێت خاوەنی بریاربن لە پرۆسە ئەمنیەکانداو ئاگاداری وردەکایی بن، بەلاّم جێبەجیٚ ناکریٚو بەرپرسانی ئەمنی بە تایبەت ئاسایش پرۆسەکانیان بە سەر بەخۆ ئەنجام دەدەنو ناگەرێنەوە بۆ سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانوفەرمان لە حیزبەوە وەر دەگرن، ئەم دیاردەیە لە ناوەندی پارێزگای سلێمانیو سەرجەم ئەو قەزاو ناحیەیانەی سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکانیان یەکێتی نین، بە رونی هەستی پێدەکرێت، وەك قەزاکانی کفریو کەلارو پێنجوێنو قەلاّدزیٚ و ناحیەکانی شۆڕشوگاپیلۆنو هتد... راپۆرتەکە لەسەر هەردوو لا کاری کردوەو قسەی لەگەل هەردوولادا کردوە، کە هەر یەکەو هۆکارەکەی بە پێی تێگەیشتنی خۆی بەم جۆرە باس دەکات:-

- **سەرۆکی یەکە کارگێرییەکان:-** بۆچونی سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان لە شاروشارۆچکە جیاوازەکان لەیەك دەچێتو هەموویان هەمان نیگەرانیان هەیە، کە رێگەیان پیٚ نادرێت پەیڕەوی دەسەلاّتی خۆیان بکەنو ئەم گرفت رێگریانەی بۆ دروست دەکرێت:-

- "دەزگا ئەمنیەکان بە تایبەت ئاسایش ئامادە نییە مامەلّەی پێویستمان لەگەلّدا بکەن":- (ئاسایش ئامادەنیە ئەو سەرۆکی یەکە کارگێریانەی یەکێتی نین لەوردەکاریی پرۆسەکانی خۆی ئاگادار بکاتەوە، ئەوەش پێچەوانەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە کە سەرۆکی یەکەی کارگێری بە سەرۆکی لیژنەی ئەمنی شارەکانیان دیاری کردوە).

- "وەلاّمی هەندێك لە نوسراوەکانمان نادرێتەوە" زۆرێك لە قائیمقامیەتەکان کە قائیمقامەکانیان یەکێتین وەلاّمی نوسرای ئەو بەرێوەبەر ناحیانە نادەنەوە کە تایبەتە بە هەندێك سەرپێچی کە بەرپرسانی حیزبی دەیکەن، لە ناحیەکاندا چەند سەر پێچیەکی جۆراجۆر دەکرێت لێپێچینەوە کردن لەگەلّ سەرپێچی کاراندا لەسەروی دەسەلاّتی بەرێوەبەری ناحیەکاندایە، بۆ ئەو مەبەستە پێویستیان بەرەزامەندی هەیەو نوسراو بەرز دەکەنەوە بۆ قائیمقامیەتەکان، بەلاّم زۆرێك لەو نوسراوانە بیٚ وەلاّمن، تیمی ئامادەکاریی ئەم راپۆرتە زانیاری ئەوەی دەستکەوت کە بەرێوەبەری ناحیەی وا هەیە لە سالێکدا نوسراوێکی بۆ لێپێچێنەوە کردوە وەلاّمی نەدراوەتەوە، دواتر لە هەمان سالّدازیاد لە (10) نوسراوی جەخت کردنەوەی لەو نوسراوە کردوە هەر بیٚ وەلاّم بوە، وەلاّم نەدانەوەی ئەو نوسراوانە پەیوەندی بە دەستوەردانی حیزبییەوە هەیە، کە حیزب فشار لەسەر قائیمقامەکان

دروست دەكات وەڵامی ئەو جۆرە نوسراوانە نەدەنەوە، ئامانجیش لێی بێزارکردنی ئەو سەرۆکی یەکە کارگێڕێیانەیە کە یەکێتی نین تا پۆستەکانیان بەجێ بهێڵن.

- هەستیاری لەنێوان سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانو بەڕێوەبەری فەرمانگەکان:- بەشێك لەبەڕێوەبەری فەرمانگەکان هەستیاریان بەو سەرۆکی یەکە کارگێڕیانە هەیە کە سەر بە حیزبەکانی دیکەن، ئەم راپۆرتە زانیاری ئەوەی لەسەرۆکی یەکە کارگێڕیەکانی سەر بە حیزبەکانی وەك بزوتنەوەی گۆڕانوکۆمەڵی دادگەرییو یەکگرتوی ئیسلامی بەدەست هێنا کەئەو هەستیاریە لەلایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە پشتیوانی دەکرێتو بە پلانو بەرنامە دەکرێت، ئامانجیش لێی بە هەمان شێوە بێزارکردنی ئەو سەرۆکی یەکە کارگێڕیانەیە کە دەست لەکاربکێشنەوە یان پەیوەنید بە حیزبی دەسەڵات دارەوە بکەن.
- پێنیشنیازکردنی پەیوەندی کردن بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە:- لە کۆی هەشت سەرۆکی کارگێری سەر بەحیزەکانی دەرەوەی یەکێتی شەش کەسیان ئەوەیان پشت راستکردەوە کە لەلایەن بەرپرسیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە داوایان لێکراوە پەیوەندی بکەن بەو حیزبەوە لەبەرامبەردا دەسەڵاتی زیاتریان پێ دەدرێتو هیچ هەستیاریەکیش نامێنێت، ئەمەش دەری دەخات کە حیزب دەسەڵاتێکی فراوانی بەسەر حکومەتدا هەیە.

- **دووەم: گرفتی نێوان سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکانو لایەنگرانی حیزبەکانیان:-**

- لێپێچینەوە لەگەڵ لایەنگرانی حیزبەکانیان:- وەرگرتنی ئەو پۆستانە خۆشحاڵی لایەنگرانی ئەو سێ حیزبەی لێکەتەوە، هاوکات بوو بەهۆکارێك بۆ ئەوەی بەشێك لەلایەنگرانیان هەوڵی سەرپێچی بدەن، ئەوەش سەرۆکی یەکە کارگێریەکانی خستۆتە بەردەم ئیحراجی، چونکە ئەگەر لێپێچینەوەیان لەگەڵدا نەکەن ئەوا لێك دەدرێتەوە کە بەپشتیوانی کاری ناپاسایی لایەنگرانیان دەکەن، ئەگەریش لێپێچینەوە بکەن تورەیی لایەنگرانیانی لێدەکوێتەوە چونکە ئەو بەرپرسانە وەك پێویست نەیانتوانیوە هەمان لێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە هەمان سەرپێچیان کردوەو سەر بەحیزبی دەسەڵاتن، بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست تیمی ئامادەکاریی راپۆرتەکە کەوت، بەرپرسانی نا یەکێتی زیاتر لێچینەوەیان لەگەڵ سەرپێچی کارانی لایەنگری حیزبەکانی خۆیان کردوە وەك لە سەر پێچیکارانی سەر بە حیزبی دەسەڵات، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار، هرکاری

یەك: لەبەر ئەوەی وا لێك نەدرێتەوە بە وەررگرتنی ئەو پۆستە چاویان لەسەر پێچپەکانی لایەنگرانی خۆیان پۆشیوە، هۆکاری دوو: لەبەر ئەوەی ناتوانن وەك پێویست لێچینەوە لەسەر پێچپەکانی لایەنگرانی حیزبی دەسەلآت بکەن.

**بەرپرسانی نا یەکێتی زیاتر لێچینەوەیان لەگەلْ سەرپێچی کارانی لایەنگری حیزبەکانی خۆیان کردوە وەك لە سەر پێچیکارانی سەر بە حیزبی دەسەلآت**

# بەشی شەشەم

## ڕەنگدانەوەی دەستوەردانی حیزبی

## لەکاروبـــــــــــاری فەرمانبەران

بەشی شەشەم/ رەنگدانەوەی دەستوەردانی حیزبی لەکاروبـاری فەرمانبەران:-

له کۆی (1023) فەرمانبەر کە سەر بە (261) فەرمانگەی حکومین لە هەرسێ پارێزگای مەبەست لەماوەی ژیانیی فەرمانبەریاندا تەنیا نۆ فەرمانبەر لەکاتی بوونی کێشەیان لەگەڵ فەرمانگەکانیان و وەزارەتەکانیاندا پەنایان بۆ دادگاو رێکارە یاساییەکان بردوە کە یاسای کارگێڕی دیاری کردوون، لەبەرامبەردا (286) فەرمانبەر لەماوەی ژیانی فەرمانبەریاندا لەگەڵ فەرمانگە و وەزارەتەکانیاندا تووشی کێشە بوونو کێشەکانیان لەرێگەی حیزبەوە چارەسەر کراون، یان لەرێگەی پەیوەندی تایبەتەوە یان تائێستا چارەسەر نەکراون.

## فەرمانبەران زانیارییان لەبارەی ئەو یاسایانە نیە کە مافوئەرکوسزادانیانی دیاری کردوە:-

لەعێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە چەند یاسایەك هەن، بەسەر فەرمانبەراندا جێبەجێ دەکرێن، ئەم یاسایانە هەموو رێکارێکیان دیاری کردوە بۆ ئەوەی کە فەرمانبەر ئەرکومافوسزای خۆی بزانێت، هاوکات جۆری تاوانوسەرپێچی کارگێڕی فەرمانبەران دیاری کراوەو دادگای تایبەت مەند لەو بوارەدا هەیە، لە عێراقدا لە ساڵی 1989 وە لە دوای هەموار کردنەوەی یاسای 65ی ساڵی 1979 سیستەمی دادگەریی لە سیستەمی دادگەریی یەکگرتووەو گۆڕا بۆ سیستەمی دادگەریی دوو بەرە (مزدوج)، بەمەش دادگای کارگێری لە عێراقدا دروستکرا، هاوکات لە ساڵی 2013 و بە پێی یاسای ژمارە 17ی ساڵی 2013 (یاسای هەمواری یاسای ئەنجومەنی دەوڵەت) دادگایەك دروستکرا بە ناوی دادگای فەرمانبەران، جیاوازی دادگای فەرمانبەران لە دادگای کارگێڕی ئەوەیە، دادگای کارگێریێ ئەو داوایانە دەبینێت کاتێك هاووڵاتیەکی ئاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن توشی کێشەیەکی کارگێڕی دەبێتو دەتوانێت لەو دادگایە کێشەکەی یەکلا بکاتەوە، بەڵام دادگای فەرمانبەران تایبەتە بە فەرمانبەرانو کاتێك فەرمانبەر لەگەڵ فەرمانگەکەی توشی کێشەیەك دەبێت دەتوانێت پەنا بۆ دادگای فەرمانبەران ببات.

لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا دادگای فەرمانبەران نیە، بەڵام بەپێی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارەی 14ی ساڵی 2008 دەستەیەك هەیە بەناوی دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران، ئەم دەستەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان رۆڵی دادگای فەرمانبەران دەبینێت.

یاسا بەرکارەکانی عێراقو هەرێمی کوردستان، کە تایبەت بە بواری کارگێرین پرسی فەرمانبەران وەك لەسەرەوە ئاماژی پێدرا، پرسی ئەرکو مافوسزای فەرمانبەرانیان دیاری کردوە، هاوکات ئەو هەڵسوکەوتانەی دیاری کردوە کە فەرمانبەر نابێت بیان کات، بەڵام زۆرینەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هیچ زانیاریەکی ئەو تۆیان لەبارەی ئەو یاسایانەوە نیەو نازانن ئەرکومافیان چی یەو ئەو سزایانە چین کە ئەگەر هاتووسەرپێچیەکیان کرد روبەرووی دەبنەوە.

لەکۆی (1023) فەرمانبەر کە تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە قسەی لەگەڵ کردوون، (907) فەرمانبەر بۆ یەکەمجار

**زۆرینەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هیچ زانیاریەکی ئەو تۆیان لەبارەی ئەو یاسایانەوە نیەو نازانن ئەرک‌ومافیان چی یەو ئەو سزایانە چین کە ئەگەر هاتووسەرپێچیەکیان کرد روبەرووی دەبنەوە**

بوو ناوی دادگای فەرمانبەران لەعێراق‌ودەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان ببیستن، هەورەها (814) فەرمانبەر یەکەمجار بوو ئەو هەشت سزایە ببیستن کە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت‌وکەتری گشتی عێراق بۆ فەرمانبەرانی دیارکردوە، کەبریتی یە لە:-

- سەرنج راکێشان
- ئاگادارکردنەوە
- لێبڕینی موچە
- سەرزەنشتکردن (توبیخ)
- کەمکردنەوەی موچە
- هێنانە خوارەوەی پلە
- دەرکردن بەکاتی (فصل)
- دور خستنەوەی یەکجاریی (عزل)

**هۆکارەکانی پەنا نەبردن بۆ دادگاودەستەی تایبەت بە پرسی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان جۆراوجۆرن، بەڵام سەرەکیترینیان دوو خاڵن:-**

خاڵی یەك: زۆرینەی فەرمانبەران زانیاریان لەبارەیەوە نیە

خاڵی دوو: بەشێك لەفەرمانبەران متمانەیان بەو دادگاو دەستانە نیە.

**خاڵی یەك/ نەبوونی زانیاریی:-**

نەبوونی زانیاریی لەبارەی یاسا کارگێریەکانی تایبەت بە ئەرك‌وماف‌وسزای فەرمانبەر، فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی روبەروی مەترسیو بێبەش بوون لەماف‌وئیمتیازەکان کرۆدتەوە، یاسای بەرکار چەندین هەڵسوکەوتی لەفەرمانبەر قەدەغە کردوە، وەك درکاندنی نهێنی فەرمانگەکەی‌وتێکەڵ بوون بە هەندێك کاری بازرگانی کە نزیکە لەفەرمانگەکەی‌وچۆنێتی پابەندبوون بە فەرمانی سەروی خۆی‌و ئەو دەسەڵاتەی فەرمانبەر هەیەتی، هەروەها ئەو کارانەی کە لە دەرەوەی دەسەلاتی فەرمانبەرن‌وکاتێك سەرۆکەکەی واتا بەرێوەبەری فەرمانگەکەی یان فەرمانبەرێك پلە بەرزتر لە خۆی داوای لیَ دەکات ئەنجامی بدات، ئەم هەڵسوکەوتانە فەرمانبەر تووشی سزای قورس دەکەن، بەلام زۆرێك لەفەرمانبەران رۆژانە ئەم کارانە بەبیَ مەبەست ئەنجام دەدەن، ئەمەش زیانی زۆری کارگێڕی گەیاندوە بە سیستەمی کارگێری هەرێمی کوردستان، بەلام بەهۆی ناچالاك بوونی دەستەی بەرزەفتی فەرمانبەران‌و نەبوونی دادگای فەرانبەران‌و نەبوونی زانیاریی یاسایی پێویست لای فەرمانبەران، هیچ رێوشوێنێك نەگیراوەتە بەر.

لە کۆی (1023) فەرمانبەر کە تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە قسەی لەگەڵ کردوون (201) فەرمانبەر لە ماوەی ژیانی فەرمانبەریاندا چەندین جار ئەو کارانەیان ئەنجامداوە کە لەدەرەوەی تایبەت مەندی خۆیان یان دەرەوەی دەسەلاتی فەرمانەگەکەیانە، (179) فەرمانبەر باسیان لەوە کردوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە ناتایبەت مەندیە، بەرێوەبەرەکانیان تەنیا بە زارەکی فەرمانیان پێکردوون، ئەمەش پێچەوانەی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانەو سەرپێچیەکی مەترسیدارەو فەرمانبەر روبەرووی چەندین سزا دەکاتەوە، چونکە کاتێك کارێکی نا تایبەت مەند دێتە بەردەم فەرمانبەر ئەوا دەبێت فەرمانبەر بە نوسراوێکی دەستنوس بەرێوەبەرەکەی ئاگادار بکاتەوەو ئەگەر بەرێوەبەر خواستی جێبەجێکردنی ئەو کارە نا تایبەت مەندیەی هەبوو ئەوا دەبێت بە نوسین فەرمانبەرەکە رابسپێرێت لەو کاتەدا فەرمانبەر پابەند دەبێت بە جێبەجێکردن‌و هیچ بەرپرسیارێتیەکی یاسایی ناکەوێتە ئەستۆ، بەلام بە زارەکی هیچ بنەمایەکی یاسایی نی یەو بەرپرسیارێتیەکە لە ئەستۆی فەرمانبەرە، ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە مەترسیدارە لە ژیانی فەرمانبەرێتی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستاندا دوبارە بونەوەی زۆرە، بەلام بەهۆی لاوازی یادەوەری کەسەکان ناتوانن بەدیاری کراوی ئاماژەی پیَ بدەن، بۆ یە زۆرینەی فەرمانبەران بە نازانم وەلامی ئەو پرسارەی تیمی ئامادەکاریان داوەتەوە کە ئایا ئەو کارەیان ئەنجام داوە یان نا، بەلام ئەوەی زۆر مەترسیدارە، ئەوەیە لە وەلامی تیمی ئامادەکاردا کاتێکی پرسیاریان کردوە کە ئەگەر هاتوو بە زارەکی لەلایەن بەرێوەبەرەوە راسپێدرای بۆ ئەنجامدانی کارێك کە لەوەری تایبەت مەندی خۆتە، ئایا دەزانی بەر پرسیاریَ تیە یاساییەکەی چی یە؟ یان جیاوازی چی یە لە نێوان راسپاردن بە نوسین‌و راسپاردن بە زارەکی؟ (769) فەرمانبەر جیاوازیەکی ئەو تۆیان نەبینی وە، (102) فەرمانبەر پیَ یان وابوە بە نوسین باشترە لە زارەکی‌و(152) فەرمانبەر نوسینیان وەك بەلگەیەك بۆ رێگریی لە نکۆلێکردنی بەرپرسەکە لە راسپاردنەکە داناوە.

**هۆكاری پەرۆش نەبوونی فەرمانبەران بۆ دەستكەوتنی زانیاریی لەبارەی ئەرك‌ومافیانەوە:-**

لە كۆی (1023) فەرمانبەری بەشدار لە راپۆرتەكە (710) فەرمانبەر بروایان وەهایە ئەوان رۆژانە ئەركی خۆیان لەكۆڵ دەكەنەوەو پێویست بەوە ناكات زانیاریی یاساییان لەبارەی ئەرك‌ومافیانەوە هەبێت، هەر ئەو ژمارەیە لە وەڵامی ئەوەی ئایا پەرۆش نەبوونیان پەیوەندی بەوە هەیە كە رێگای دیكە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن گرفتەكانیان چارەسەر بكەن؟ وەڵامەكە بەڵێ یەو زۆرینەش پێی یان وایە دەتوانن لە رێگای حیزبەوە یان لەرێگای پەیوەندی تایبەتەكانیانەوە گرفتەكانیان چارەسەر بكەن، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئایا لە فەرمانەگەی تۆ لەكاتی روبەرونەوەی خواستی حیزب و بریارو رێنماییە حكومیەكان بۆ پركردنەوەی پۆستێك كامە لا سەركەوتوو بوە؟ (986) فەرمانبەر وتویانە خواستی حیزب.

**(710) و بە ریژەی ( 69٪ ) فەرمانبەران بروایان وەهایە ئەوان رۆژانە ئەركی خۆیان لەكۆڵ دەكەنەوەو پێویست بەوە ناكات زانیاریی یاساییان لەبارەی ئەرك‌ومافیانەوە هەبێت.**

## خاڵی دوو: نەبوونی متمانە بەدادگا ویاسا بەركارەكان:-

لە كۆی (1023) فەرمانبەر كە تیمی ئامادەكاری ئەم راپۆرتە بۆ ئامادەكردنی راپۆرتەكە قسەیان لەگەڵ كردوون، (886) فەرمانبەر دەڵێن كە متمانەیان بە دادگاو یاسا بەركارەكان نیە بتوانن كێشەكانیان بۆ یەكلایی بكەنەوە، فەرمانبەران دەڵێن حیزبەكان كاریگەرییان لەسەر دادگاكان هەیەوئەو گرفتانەشی لە فەرمانگەكان دروست دەبن‌و فەرمانبەران روبەروویان دەبنەوە بە پشتیوانی حیزبی یان بەدەستی حیزبی دروست بوون، بۆیە بریاری كۆتایی لەسەر دراوەو بریاری دادگا ئەگەر دەریش بچێت ئەوا جێبەجێ ناكرێت لەبەر ئەوە بە باشی نازانن پەنا بۆ دادگاكان ببەن.

## دابەش بوونی جوگرافی نەبوونی متمانەی فەرمانبەران بە دادگاكارگێرییەكان:-

- پارێزگای هەولێر:- لە كۆی (326) فەرمانبەر كە لە سنوری پارێزگای هەولێر قسەیان لەگەڵدا كراوە (298) فەرمانبەر دەڵێن كە بروایان بە دادگا كارگێڕییەكان نییە بتوانن كێشەكانیان بۆ یەكلایی بكەنەوە.

- پارێزگای سلێمانی:- لە کۆی (619) فەرمانبەری پارێزگای سلێمانی کە قسەیان لەگەڵدا کراوە، (516) فەرمانبەر دەڵێن باوەڕیان بە دادگا کارگێرییەکان نییە کێشەکانیان بۆ یەکلایی بکەنەوە.

- پارێزگای هەڵەبجە:- لە کۆی (81) فەرمانبەری پارێزگای هەڵەبجە کە قسەیان لەگەڵدا کراوە (72) فەرمانبەر دەڵێن باوەڕیان بە دادگا کارگێرییەکان نییە بتوانن کێشەکانیان بۆ یەکلایی بکەنەوە.

**( 87٪ ) ی فەرمانبەران متمانەیان بە دادگاو یاسا بەرکارەکان نیە بتوانن کێشەکانیان بۆ یەکلایی بکەنەوە**

# بەشی حەوتەم

## پشت بەســـــتن بە حیـــزب

## لە جیاتی یاسا و ڕێنماییەکان

**بەشی حەوتەم/ پشت بەستن بە حیزب لە جیاتی یاسا و ڕێنماییەکان:-**

تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە چەندین حاڵەتیان تۆمار کردوە کە سەرەرای بوونی یاسا و رێنمایی حکومی بۆ بەرێوەچوونی کاروبارە حکومییەکان بەڵام بەشێك لە فەرمانبەران پشت بە نێوەندگیری یان کار ئاسانی حیزبی دەبەستن ئەمش زیاتر لە بواری گواستنەوە و دروستبوونی کێشە لەناو فەرمانگە حکومییەکاندا، دەستوەردانەکان زیاتر لەم بوارانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە:-

- **گواستنەوە:-** لەساڵی 2015 وە گواستنەوەی فەرمانبەران لە نێوان وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەستاوە، بەڵام سەرەڕای وەستانی هێشتا ئەو حاڵەتە بۆ ئەو فەرانبەرانە هەر هەیە کە کەسانی دەسترۆیشتوو لە حیزبەکاندا دەناسنو لە ئاستێکی باڵای حیزبیدا کاریان بۆ دەکرێتو دەتوانن لە وەزارەتێکەوە بۆ وەزارەتێکی تر بگوازرێنەوە، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە (19) حاڵەتی هاوشێوەی تۆمارکردوە کە لەدوای ساڵی 2015وە ئەنجامدراوەو لەرێگای کەسانی دەسترۆیشتوی ناو حیزبەکانەوە ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامی داوە، هەر (19) حاڵەتەکەش لەسەردەمی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوە، هاوکات

**سەرەرای راگرتنی گواستنەوەی راژە , لەسەردەمی کابینەی هەشتی حکومەتی هەرێمدا (19) حالەتی گواستنەوە ئەنجامداراوە .**

گواستنەوە لەنێوان راژەی سەربازی بۆ راژەی شارستانی بە بریاری حکومەت رگیراوە، بەڵام ئەم کارەش بە پشتیوانی حیزبەکان دەکرێت، ئەگەرچی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئەو گواستنەوەیە بکەن لە ئێستا هاوشێوەی محاڵە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی لە بەرپرسانی باڵای حیزبەوە نزیکن دەتوانن ئەم گواستنەوەیش ئەنجام بدەن، تیمی ئامادەکاریی ئەم راپۆرتە لە پارێزگای سلێمانی یەك حاڵەتی لەم جۆرە گواستنەوەیە تۆمار کردوە کە سەرەڕای چەندین نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ کە ئەم جۆرە گواستنەوەیە راگیراوەو داوا لەبەرێوەبەرایەتی یەکانی سەر بە وەزارەتەکە کراوە نوسراوی گواستنەوەی راژەی سەربازی بۆ راژەی شارستانییان بەرزنەکەنەوە، بەڵام ئەگەر فەرمانبەرێکی سەربازی کەسانی دەسترۆیشتووی حیزب بناسێت ئەوا ئەتوانێت ئەو گواستنەوەیە ئەنجام بدات.

- **چارەسەرکردنی گرفتە کەسیەکانی فەرمانبەران لەرێگای حیزبەوە:-** بەشێك لەفەرمانبەران لەفەرمانگە حکومیەکانی سەر بەوەزارەت جیاوازەکان لەناو فەرمانگەکانیاندا تووشی کێشەی کەسیی جۆراجۆر دەبن، سەرەڕای بوونی یاساو رێنمایی بۆ چارەسەر کردنی ئەو جۆرە کێشانە بەڵام حیزب دەست لەو بوارەش وەر دەدات،

ئەم جۆرە کێشانە زیاتر لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی رو دەدەن کە بەر یەك کەوتنیان لە گەڵ هاوولاتیاندا زۆرە، مامۆستایان کاتێك لەگەڵ خوێندکارەکانیاندا تووشی کێشەی جۆراوجۆر دەبن، ئەگەر هاتوو مامۆستاکە لە یەکێك لە حیزبەکانی دەسەلاتەوە نزیك بێت ئەوا حیزب رێگریی دەکات لەوەی یاسا و رێنماییەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنو لێپێچنەوە لەو کێشەیە جێبەجێ بکرێن، بەڵکو حیزب دەستوەردان دەکاتولەدەروەی فەرمانگەکە کێشەکان چارەسەر دەکات، حیزبەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لیژنەی تایبەتیان داناوەو بەشەکانی کاروباری کۆمەلایەتی حیزبەکان تایبەتمەندن بەچارەسەر کردنی ئەم جۆرە کێشانە لە کاتێکدا کێشەکە یاساییە نەك کۆمەلایەتی، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو تەندروستی چەندین حاڵەتی تۆمارکردوە، کە کێشە لەنێوان کارمەندانی ئەو دوو وەزارەتە دروست بوەو حیزب رێگریی کردوە لەوەی رێوشوێنی یاسایی بگیرێتە بەر:-

- **وەزارەتی تەندروستی:**- ئەو کێشانەی فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی تووشی دەبن زیاتر لە رێگای نەخۆشخانە حکومییەکانەوەیە، کێشەکان زیاتر لەنێوان فەرمانبەرانی وەك پزیشكوکارمەندانی تەندروستی لە لایەك و هاوولاتیان لە لایەکی ترەوە دایە، کێشەی فەرمانبەرانوهاوولاتیان بۆ دووجۆر دابەش دەبن، جۆری یەکەم: لەلایەن هاوولاتیانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر فەرمانبەران، جۆری دوەم لەلایەن فەرمانبەرانەوە هەڵسوکەوتی نایاسایی بەرامبەر هاوولاتیان دەکرێت:-

**جۆری یەکەم:** تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لە سنوری هەردوو پارێزگای سلێمانیوهەولێرو (26) حاڵەتی تۆمار کرد کە لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا ئەنجامدراونو تیایدا هاوولاتیان لە نەخۆشخانەکانی ئەو دوو پارێزگایە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەستدرێژیان کردۆتە سەر فەرمانبەرانی وەزارەتی تەندروستی وەك پزیشك کارمەندانی تەندروستی، بەلام حیزب دەستی لە کێشەکان وەرداوەو رێگریی کردوە لەوەی رێوشوێنە یاساییەکان رێرەوی خۆیان بگرن، لەدەرەوەی یاسا و رێنماییە حکومییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە روداوانە حیزب کێشەکانی چارەسەر کردوەو ئەگەر سکالای یاسایی تۆمار نەکرابێت ئەوا حیزب ئەو لایەنەی رازی کردوە کە دەستدرێژی کراوەتە سەری سکالا تۆمار نەکات، ئەگەریش سکالا تۆمار کرابێت ئەوا حیزب توانیوێتی لایەنی سکالاکار رازی بکات سکالاکە بکشێنێتەوە.

**جۆری دووەم:** لەم جۆرەدا پزیشکان‌وکارمەندانی تەندروستی هەڵەیان بەرامبەر هاوولاتیان ئەنجامداوە، هەڵەکان لە جۆری هەڵەی پزیشکی و هەڵسوکەوتی نەشیاو لە ناو دامودەزگاکانی وەزارەتەکەو ناو کلینکە تایبەتەکانی پزیشکەکان‌و نۆرینگەو دەرمان خانەکانی کارمەندانی تەندروستی، تیمی ئامادەکار (17) حاڵەتیان تۆمار کردوە کە دوو حاڵەت لەوانە حاڵەتی مردنی نەخۆشبوون لەژێر دەستی پزیشکداو کەسوکاریان پزیشکەکانیان بە کەمتەرخەم زانیوە بۆیە بە نیازی سکالابوون، بەڵام حیزبەکان کاریگەریی خۆیان بەکار هێناوە لەسەر هەردوولاو بەرێگای رێکەوتنی کۆمەڵایەتی کێشەکەیان چارەسەر کردوەو رێگەیان گرتوە لەوەی وەزارەتی تەندروستی رێوشوێنە یاساییەکان جێبەجێ بکات.

- **وەزارەتی پەروەردە:-** کێشەکانی وەزارەتی پەروەردە کێشەی نێوان مامۆستایان‌وقوتابیان‌و کەسوکاریانە، لێدان‌وهەڵسوکەوتی ناپەروەردەیی بەشێك لە مامۆستایان هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی کێشەبکەوێتە نێوان مامۆستایان وەك فەرانبەرانی وەزارەتی پەروەردەو هاوولاتیان وەك کەسوکاری قوتابیان، تیمی ئامادەکاری ئەم راپۆرتە لە هەردوو پارێزگای هەولێروسلێمانی (49) حاڵەتی تۆمار کردوە، کە کێشە کەوتۆتە نێوان مامۆستایان‌و کەسوکاری قوتابیان‌و حیزب رێگری کردوە لەوەی رێوشوێنی یاسایی‌وکارگێڕی بگیرێتە بەر بەجۆرە:-

**یەکەم: پارێزگای هەولێر:** لە پارێزگای هەولێر تیمی ئامادەکار (27) حاڵەتی تۆمار کردوە، کە مامۆستایان هەڵسوکەوتی ناپەروەردەییان بەرامبەر قوتابیان کردوە، یان ئەگەر هەڵسوکەتەکە ناپەرەوەردەییش نەبوبێت ئەوا کەسوکاری قوتابیان نارەزاییان بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە هەبوەو نیازی تۆمارکردنی سکالایان هەبوە، بەڵام حیزب رێگریی کردوە لەوەی رێوشوێنی یاسایی بگیرێتە بەرو هەردوولای لە دەرەوی یاسا رێکخستوە.

**دوەم: پارێزگای سلێمانی:** لەپارێزگای سلێمانی تیمی ئامادەکار لەپارێزگای سلێمانی (22) حاڵەتیان تۆمار کردوە کە مامۆستایان هەڵسوکەوتی ناپەروەردەییان بەرامبەر قوتابیان ئەنجامداوەو کەسوکاریان نیازی تۆمارکردنی سکالایان هەبوە، بەڵام حیزب رێگریی کردوەو هەردوولای کێشەکەی لە دەرەوەی یاسا رێکخستوە.

هاوکات تیمی ئامادەکار (13) حاڵەتی تۆمار کردوە کە لەهەردوو پارێزگای سلێمانی‌و هەولێر لەلایەن کەسوکاری قوتابیانەوە هەڵسوکەوتی نەشیاو یان دەستدرێژی کراوەتە سەر مامۆستایان، بەڵام بۆ رێگریی کردن لە رێوشوێنی یاسایی پەنا بۆ حیزب براوەو حیزب توانیویەتی هەردوو لای کێشەکە رێك بخاتو رێگریی بکات لە رێوشوێنە یاساییەکان.

ئەم راپۆرتە تەنیا ئەو حاڵەتانەی تۆمار کردوە کە حیزب رێگری کردوە لە گرتنەبەری رێوشوێنی یاسایی، چەندین حاڵەتی دیکە هەن لەناو وەزارەتەکانی پەروەردەو تەندروستیدا کە لایەنەکانی کێشەکە بەوە رازی نەبوون لەسەر داوای حیزب سکاڵا تۆمار نەکەن، یان سکاڵا بکشێننەوە، هەروەها هەندێك لەو حاڵاتانە بۆ رای گشتی ئاشکرابوونو سوشیال میدیاو دەزگاکانی راگەیاندن کێشەکانیان بڵاوکردۆتەوەو وەزارەتەکان ناچاربوون رێوشوێنە یاساییەکان بگرنە بەر، حیزبەکان زیاتر دەستوەردانیان لەو کێشانەدا کردوە کە بەبێدەنگی رویانداوەو بۆ رای گشتی ئاشکرا نەکراون.

# بەشی هەشتەم

## دەستوەردانـــــی حیزبـــی
## لە دامەزراندنی فەرمانبەران

**بەشی هەشتەم/ دەستوەردانی حیزبی لە دامەزراندنی فەرمانبەران:-**

لە هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی دەستوەردانێکی بەرفراوان لەپرسی دامەزراندا لەلایەن حیزبەکانەوە دەکرێت، ئەو دەستوەردانە بابەتێکی باوو ئاشکرایە، سەرەڕای نایاسایی بونەکەی، لە ساڵی 2014وە بەشێوەیەکی گشتی

دامەزراندن لە هەرێمی کودستاندا وەستاوە، لە ساڵی 2015وە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی دامەزراندنی وەستاندوە، بەڵام لێرەو لەوێ بە پێی پێداویستی فەرمانگەکانو شاروشارۆچکەکان بەژمارەیەکی دیاری کراو دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا کراوە، ئەم دامەزراندنەش لە دەستوەردانی حیزبی بەدەر نەبوەو حیزبەکان بە تایبەت هەردوو حیزبی دەسەڵات هەموو هەولێکی خۆیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی خۆیان مەبەستیانە دایان بمەزرێنن، ئەو کەسانەی دامەزراون زیاتر کەسوکاروخزمونزیکی بەرپرسانی باڵای حیزبن، دامەزراندەکەش دابەشی دوو جۆری سەرەکی دەبێت.

**جۆری یەکەم:- دانانی مامۆستایانی وانەبێژودامەزراندنی فەرمانبەر لە فەرمانگە جیاوازەکان سەرەڕای ئەوەی پێویستیان بە راژەکانیان نیە.**

**جۆری دوەم: دامەزراندن بۆ ئەو فەرمانگانەی تازە دروستکراون.**

## جۆری یەکەم: - دانانی مامۆستایانی وانەبێژودامەزراندنی فەرمانبەر لە فەرمانگە جیاوازەکان سەرەڕای ئەوەی پێویستیان بە راژەکانیان نیە:

- **دانانی مامۆستایانی وانەبێژ:** ئەم بابەتە زۆرترین دەستوەردانی تێدا دەکرێت، بەو هۆیەشەوە وەزارەتی پەروەردە پشکی شێری بەرکەوتوە لەمبارەیەوە ئەوەش بەتایبەت لە پرسی دانانی مامۆستایانی وانەبێژ، وەزارەتەکە کۆتایی ساڵی 2022 و سەرەتای ساڵی 2023 چەند رێوشوێنێکی گرتەبەر دژی ئەم دیاردەدیە، بەڵام رێوشوێنەکە دوای دەست پێکردنی ساڵی نوێی خوێندن بوو، واتا کاتێك دەست بەو رووێوشوێنانە کرا حیزب کاری خۆی کردبوو، بەڵام دەکرێت بۆ ساڵی داهاتوو ئەو رێوشوێنانە کاریگەرییان هەبێت ئەگەر بێتو کاریان پێ بکرێت یان هەڵنەوەشێندرێنەوە، رێو شوێنەکانیش بریتی یە لەم دوو رێوشوێنە: یەکەم لە رۆژی 2022/11/13 بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی لیژنەیەکی بۆ بەدوداچوون بۆ گرفتی مامۆستایانی وانەبێژ پێکهێنا، بەتایبەت ئەو مامۆستایانەی کە گلەییان لە دەستوەردانی حیزبی هەبوو لە کاروباری دانانیاندا، لیژنەکە بەرێوەبەرایەتیەکانی سنوری سلێمانی بەسەرکردەوەو گوێی لە گرفتی مامۆستایانی وانەبێژ گرت. دوەم: لەسەرەتای ساڵی 2023دا وەزارەتی پەروەردە دەسەڵاتی دانانی مامۆستایانی وانەبێژی لە بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە سەندەوە، ئەوەش دوای بەرزبونەوەی دەنگی نارەزایی مامۆستایانی وانەبێژو گلەیی کردنیان لە وەی لە لایەن حیزبەکانەوە لیستی ناوی مامۆستایانی وانەبێژ دەنێردرێت بۆ بەرێوەبەرایەتی یەکانی پەروەردە بەمەبەستی دانانیان.

- **دامەزراندنی فەرمانبەرانی نا پێویست:** لە دوای ساڵی 2015 وە سەرەڕای ئەوەی بە فەرمی دامەزراندن لە کەرتی گشتی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە بەڵام ساڵانە دەیان فەرمانبەر لە پارێزگا جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دامەزرێندراون، ئەم فەرمانبەرانە بۆ پێداویستی فەرمانگەکان دانەمەزراون، واتا لەبەر ئەوە نەبوە کە فەرمانگە حکومیەکانی پێویستیان بە ڕاژەو پسپۆری ئەم فەرمانبەرانە بێت، بەڵکو ئم کەسانە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ بەرپرسانی دەسترۆیشتوی ناو حیزبوحکومەتدا هەیەو توانیویانە بە سود بینین لەو پەیوەندیە هەلی دامەزراندن بەدەست بهێنن، ئەم جۆرە دامەزراندنە دابەشی سەر دوو خاڵی سەرەکی دەبێت:-

**خاڵی یەك: دامەزراندن بۆ یەکەمجار:-** ئەم جۆرە دامەزراندنە ئەوەیە کەسەکە بە فەرمانبەری هەمیشەیی یان

> **لە دوای ساڵی 2015 وە لە کەرتی گشتی بەنهێنی (328کەس) دامەزراون و سەرجەم حاڵەتەکانیش بەپشتیوانی حیزبەکان و بەرپرسانی دەسترۆیشتوی ناو حیزبەکان بوە، کە زۆرترین حاڵەت لە پارێزگای هەولێرە.**

گرێبەست لە کەرتی گشتیدا بۆ یەکەمجار دادەمەزرێت.

**خاڵی دوو: لەشوێندانان:-** ئەمجۆرەش لە دامەزراندن ئەوەیە کەسەکە لە شوێنی فەرمانبەرێکی دیکە لەکەرتی گشتی دادەمەزرێت، واتا کاتێك فەرمانبەرێك بە هەر هۆکارێك بێت واز لە کارەکەی دەهێنێت ئەوا کەسێکی دیکە لە شوێنی دادەنرێت، ئەم کارە پێی دەوترێت لە شوێن دانان، کاری لە شوێن دانان ئاسانترە لە دامەزراندن بۆ یەکەمجار، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو ڕاژەیە پێشتر هەبوەو موچەودەرماڵەی بۆ تەرخانکراوە.

تیمی ئامادەکاری ئەم ڕاپۆرتە لە سنوری هەرسێ پارێزگای هەولێروسلێمانیوهەڵەبجەدا (328) حاڵەتی لەهەردوو جۆرەکەی دامەزراندن واتا دامەزراندن بۆ یەکەمجار دامەزراندن بەشێوەی لە شوێندانان تۆمار کردوە کە لە دوای ساڵی 2015 وە لە کەرتی گشتی بەنهێنی دامەزراونو سەرجەم حاڵەتەکانیش بەپشتیوانی حیزبەکانو بەرپرسانی دەسترۆیشتوی ناو حیزبەکان بوە، کە زۆرترین حاڵەت لە پارێزگای هەولێرەو دوای ئەوەش پارێزگاکانی سلێمانیوهەڵەبجە دێت، بەمجۆرە:-

- پارێزگای هەولێر:- (193)
- پارێزگای سلێمانی: (127)
- پارێزگای هەڵەبجە: هەشت حاڵەت.

دامەزراندنی ئەم کەسانە بۆیەکەمجار یان بەلەشوێن دانان بوە، پرۆسەیەکی تەواو نهێنی یان نیمچە نهێنی بوە، تا ئەو کاتەی فەرمانبەرەکە پەیوەندی بەکارەکەیەوە کردوە پرۆسەکە نهێنی بوە، بەڵام دوای پەیوەندی کردن، ئیتر بابەتەکە لە نهێنی دەرچوە، ئەم حاڵەتە نیگەرانی قوڵی دەرچوە دانەمەزراوەکانی لێکەوتۆتوەو وەك گرێیەکی دەرونی قورسی لێهاتوە لە لایان، چونکە دەیان هاوپۆل هەن، کە پێکەوە خوێندنیان تەواو کردوەو ئەوەیان کە دەسترۆیشتوو بوە ساڵانێکە لەکەرتی گشتیدا کار دەکاتو ئەوی دیکە ساڵانێکە بە بێکار ماوەتەوە.

## کڕین و فرۆشتن بە ڕاژەی فەرمانبەریەوە.

یەکێکی دیکە لە دیاردە نامۆکان کە ساڵانێکە لە هەرێمی کوردستاندا، دیاردەی کڕینوفرۆشتنی راژەیە لەکەرتی گشتی فەرمان بەراندا، ئەم دیاردەیە لە چوارچێوەی کاری لە شوێندانانادایە، ئەم کارە زیاتر لەلایەن خودی فەرمانبەرەکەوە دەکرێت، بەڵام بە بێ پشتیوانی حیزبی ئەم کارەش سەرناگرێت، فەرمانبەر ئەگەر نیازی واز هێنان یان جێهێشتنی وڵاتی هەبێت ئەوا راژەکەی دەفرۆشێت، ئەم دیاردەدەیە کەرتی شارستانیو سەربازیشی گرتۆتەوە، دەزگا هەستیارەکانی وك ئاسایشو پێشمەرگەو پۆلیسیش لەم دیاردەدەیە بێ بەش نین، بۆ جێبەجێکردنی رێکەوتنی فرۆشتنی راژە، ئەگەر هاتو فەرمانبەرێك بیەوێت واز بهێنێت یان سەفەری دەرەوەی وڵات بکات بەیەکجاری ئەوا بیر لەوە دەکاتەوە راژەکەی بفرۆشێت، کە نرخی راژەیەك لە نێوان (10 بۆ 30) ملیۆن دیناری عێراقی یە، بەڵام ئەم کارە بە هەموو کەس ناکرێت، بەڵکو دەبێت ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن بەتایبەت کڕیارەکە دەسترۆیشتوی ناو حیزب بنوتوانای ئەوەیان هەبێت بریارەکە لە وەزارەتەکانوئەنجومەنی وەزیران تێپەڕێنن، کارەکە لەوەوە دەست پێدەکات، فەرمانبەری فرۆشیار لەگەڵ کڕیارێکی راژەدا لەسەر نرخێك رێك دەکەوێت، کە فرۆشیار واز لە راژەکەی خۆی بهێنێتوکڕیار بخرێتە شوێنی، ئەمەش بە دوو رێگا دەکرێت، یەکەم ئەوەیە بە پشتیوانی حیزبی لە فەرمانگەکەیەوە نوسراوێك بەرز دەکرێتەوە ئاماژە بەدەست لەکارکێشانەوەی فەرمانبەرەکە دەکرێتو پێشنیازی دانانی کڕیارەکە دەکرێت لە شوێنی، دوای بەرزکردنەوەی نوسراوەکە ئیتر کڕیار خۆی بەدواداچوونی بۆ دەکات تا فەرمانی وەزارەت یان ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ دەر دەچێت، جۆری دوەم ئەوەیە، فەرمانبەری فرۆشیار پەیوەندی لەگەڵ شوێنی کارەکەی دەبچڕێنێت تا دەگاتە ئەوەی بەهۆی ئامادەنەبوونەوە راژەکەی رابگیرێتوفەرمانگەکەی سەروی خۆی لە ئامادەنەبوونی ئاگادار دەکاتەوە، دوای ئەوەش کڕیارە پەیوەندیە حیزبیەکانی بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی ناوی بخرێتە شوێنی فەرمانبەری فرۆشیار بەشێوەی لە شوێن دانان، لە هەردوو جۆرەکەدا حیزب دەستێکی باڵای هەیەو بەبێ دەستوەردانی بەرپرسانی باڵای حیزبەکان ئەم کارە بەهیچ جۆرێك بۆ کەس ناکرێت، تیمی

ئامادەکاری ئەم راپۆرتە (19) حاڵەتی کڕینوفرۆشتنی راژەی فەرمانبەرانی لە هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی تۆمار کردوە، زۆرترین حاڵەت لە پارێزگای سلێمانی یە بەمجۆرە:-

- پارێزگای هەولێر: حەوت حاڵەت
- پارێزگای سلێمانی: (12) حاڵەت
- پارێزگای هەڵەبجە: هیچ حاڵەتێك تۆمار نەکراوە

**(19) حاڵەتی کڕینوفرۆشتنی راژەی فەرمانبەرانی لە هەردوو پارێزگای هەولێرو سلێمانی تۆمار کردوە، زۆرترین حاڵەت لە پارێزگای سلێمانی یە بەمجۆرە**

**جۆری دووەم: دامەزراندن بۆ ئەو فەرمانگانەی تازە دروستکراون:**

ئەم جۆرەش لە دامەزراندن لەدوای ساڵی 2015 وە بەرێژەیەکی بەرچاو بوونی هەبوە، ئەم راپۆرتە تەنیا کاری لەسەر پارێزگای هەڵەبجە کردوە، بۆ ئەو مەبەستەش پشتی بە راپۆرتی رێکخراوی هەڵوێست بەستوە، کە ساڵی 2022 بڵاو کراوەتەوەو تیایدا بە وردی کار لەسەر دەستوەردانی حیزبی کراوە لەپرسی دامەزراندنی فەرمانبەرانی پارێزگای هەڵەبجەدا، بەمدوایانە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕیاری دامەزراندنی (292) فەرمانبەری بۆ پارێزگای هەڵەبجە دەرکرد، کە دابەش سەر هەشت بەرێوەبەرایەتی گشتیو فەرمانگەی پارێزگاکە کرابوون، تۆڕی رێکخراوەکانی هەڵەبجەو لەناویشیاندا رێکخراوی هەڵوێست، بە وردی کاری چاودێری پرۆسەی دامەزراندنەکەیان کردو دواتر رێکخراوی هەڵوێست راپۆرتێکی پڕ وردەکاری لەو بارەیەوە بڵاو کردەوە، بەپێی ئەو سەرنجو تێبینیانەی لە راپۆرتەکەی رێکخراوی هەڵوێستدا هاتوون، جگە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی گەشتوگوزارو ئەوقاف هەر شەش بەرێوەبەرایەتیەکەی دیکە پرۆسەی دامەزراندنەکەیان بەشێوەیەکی گوماناویو لەژێر کاریگەریی حیزبدا ئەنجامداوەو نیگەرانی قوڵی دەرچوە دانەمەزراوەکان و رێکخراوەکانی هەڵەبجەی لێکەوتۆتەوە، هەردوو فەرمانگەی ژینگەو تەندروستی زۆرترین گلەییونیگەرانیان لەسەر چۆنێتی پرۆسەکە لەسەر بوە ، بەپێی راپۆرتەکەی رێکخراوی هەڵوێست، بەرێوەبەرایەتی تەندروستی هەڵەبجە، کە (130) هەلی دامەزراندنی بۆ تەرخان کراوە، تەنیا بانگەوازی بۆ (30) هەلی دامەزراندن کردوە بۆ نەخۆشخانەی ناحیەی بیارەو (100) هەلەکەی دیکە بەشێوەی نهێنیوبەبێ

بانگەواز پڕکراونەتەوە، هەروەها فەرمانگەی ژینگەی هەڵەبجە کە (15) هەلی دامەزراندنی بۆ تەرخان کراوە، بەبێ گوێدانە رای رێکخراوەکانو ئەنجومەنی دەرچوە دانەمەزراوەکانو تەنانەت کۆنوسی کۆبونەوەکانی دیوانی پارێزگای هەڵەبجە پرۆسەکەی ئەنجام داوە، ئەوەش بەپێی راپۆرتەکەی رێکخراوی هەڵوێست پرۆسەکەیەکی ناشەفافو پڕ لەدەستوەردانی حیزبیو عەیبدار بوە، کە نیگەرانی قوڵی دەرچوانی دانەمەزراوو چالاکوانان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لێکەوتۆتەوە، فەرمانگەکە تۆمەتبار کراوە بەوەی لەبری رەچاوکردنی رێنماییەکانو گوێگرتن لە دەرچوانی دانەمەزراو و چالاکوانان و رێکخراوەکانی هەڵەبجە زیاتر گوێی لە حیزب گرتوە و بە خواستی حیزب کارەکانی دامەزراندنەکەی ئەنجام داوە.

# بەشی نۆیەم

# هێڵە گشتیەکان

بەشی نۆیەم/ هێڵە گشتیەکان.

**یەکەم: سەرچاوەکانی راپۆرت:**

1- گەڕانی مەیدانی ئەندامانی تیمی ئامادەکاری راپۆرت و قسەکردن لە گەڵ یەکە بە یەکەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی بەشدار لە راپۆرتەکەدا.

2- داتاکانی هەر لە دیوانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، هەروەها دیوانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر.

3- راپۆرتی رێکخراوی هەڵوێست لە پارێزگای هەڵەبجە.

4- پێداچونەوە بەو راپۆرتە رۆژنامەوانیانەی لە ماوەی رابردوودا لەبارەی دەستوەردان لە کاروباری فەرمانبەران و دابەشکاریی حیزبیانەی پۆستەی کارگێڕیەکاندا بلاوکراونەتەوە.

**دووەم: مافی بەکارهێنان و بلاوکردنەوەی راپۆرتەکە:**

سەرجەم دەزگاکانی راگەیاندن و رێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان و توێژەران و قوتابیان مافی بلاو کردنەوەو بەکارهێنانی کۆی راپۆرتەکە یان بەشێك لە زانیارییەکانی راپۆرتەکەیان هەیە ، بەو مەرجەی ناوی رێکخراوی ئاران وەك خاوەنی راپۆرتەکە بهێنن، هانیان دەدەین لەکاتی خواستیان بۆ بەکارهێنان یان بلاوکردنەوەی راپۆرتەکە پەیوەندیمان پێوەبکەن تا هاوکاریان بین و زانیاریی زیاتریان لەبارەی میتۆدی راپۆرتەکە و وردکاریی ئامادەکردنەکەی پێبدەین.

رێکخراوی ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی.

www.aranngo.org